# نەوژین

ژمارە (٢٢) یەکشەمە ٢٠١٨/٩/٢٣

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات




ئەو کچانەی بە منالّی بە شو دراون: ئێمە کردمان ئێوە مەیکەن

7«»

# ئایا بۆ یەکەمجار ژنانی گەرمیان بە هەڵبژاردنی کراوە دەچنە پارلەمان؟



■ نەوژین

**پاش تێپەڕینی خولێکی پارلەمانی کوردستان بەبێ پارلەمانتاری ژنی گەرمیان، لەم هەڵبژاردنەشدا چانسی چونە پارلەمانی ژنانی گەرمیان لە مەحەک دایە، چاوەڕوانیەکانیش بۆ ئەوەن وەکچۆن بۆ یەکەمجار ژنێکی گەرمیانی چوە پارلەمانی عێراق، ئاوەهاش ژنێک لەگەرمیانەوە بۆ یەکەمجار و بە شێوازی لیستی کراوە، کورسیەکی پارلەمانی کوردستان بەدەست بێنێت.**

لە خولی پێشوی پارلەمانی کوردستان، لەکۆی چوار پارلەمانتاری گەرمیان، هیچ کامیان لە رەگەزی مێ نەبون، ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە دو خولی پێشوتر دا پارلەمانتاری ژنی گەرمیان بونیان هەبو، بەڵام لەو خولانەدا بە شێوازی لیستی داخراو هەڵبژاردن بەڕێوەدەچو. لەوەتەی هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان بە لیستی کراوە بەڕێوەدەچێت، هیچ ژنێکی ناوچەکە نەیتوانیوە کورسیی پارلەمان بەدەست بێنێت، سەرباری زۆری کاندیدانی ژن، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا تەنها یەک کاندیدی ژن لە سنوری ئیدارەی گەرمیان خۆی پاڵاوتوە.

شیرین ئەمین، تاکە ژنە کاندیدی گەرمیانییە لەم هەڵبژاردنە کە لە سەر لیستی بزوتنەوەی گۆڕان خۆی پاڵاوتوە و چاوی لەوەیە وەکو یەکەم ژنی گەرمیان بە شێوازی لیستی کراوە، بچێتە پارلەمانی کوردستانەوە.

لە دواین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش دا کە مانگی ئایاری ئەمساڵ بەڕێوەچو، بۆ یەکەمجار ژنێکی گەرمیانی توانی بگاتە ئەو ئەنجومەنە، ئەویش کاتێک (یوسرا رەجەب) لە لیستی (نەوەی نوێ) توانی کورسیەکی ئەنجومەنەکە بەدەستبێنێت.

ئەم هەڵبژاردنەی پارلەمانی کوردستان، لەنێو ٢ هەڵبژاردنی رابردودا، کەمترین ژنی گەرمیان خۆی پاڵاوتوە، ئەمەش لەکاتێکدایە پێشوتر رێژەی ژنانی پاڵێوراو زیاتر بوە.

بەگوێرەی یاساش، دەبێت هەمو لیستەکان ٣٠٪ی پاڵێوراوەکانیان ژن بن و هاوکاتیش پارلەمانی کوردستانیش دەبێت ژنان بەهەمانشێوە ٣٠٪ی پارلەمانتارانی پێکبێنن لە سیستەمێک دا کە بە (کۆتا) ناسراوە.

لەم ژمارەیەی (نەوژین) دا، لاپەڕەی ٣ تەرخانکراوە بە باسوخواسی هەڵبژاردن و ژنی گەرمیان.



هەم کاردەکەن و هەم پەرە بە بەهرەکانیان دەدەن

5«»



بۆچی ژنانی گەرمیان نابنە وەرگێڕ؟

7«»

## دەرگای مەکتەب کرایەوە ... پشوی هاوین بڕایەوە



4«»



هەمو شتێک لەبارەی بۆتۆکس و فیلەرەوە

10«»

## خێزانەکانی گەرمیان بۆ پشودان نازانن بچنە کوێ

2«»



# ئەو خاڵانەی دەبێت کچان بۆ چونە زانکۆ رەچاوی بکەن

■ نەوژین، نازەنین گۆران

**بەپێچەوانەی قۆناغەکانی ترەوە، قۆناغی خوێندنی زانکۆ زۆر تایبەت و لەهەمانکاتیش دا گرنگە، بەو پێیەی لەروی تەمەن و هۆش و جەستەوە، مرۆڤ کامڵترە و قۆناغی منالّیی بەجێهێشتوە، بەڵام سەرباری ئەوەش ئەم قۆناغە ئالەنگاریی زۆری تیایە بەتایبەت بۆ کچان.**

به وەرگرتنی رای خـودی خوێندکاران و مامۆسـتایان و توێـژەران، دو لـە گرنگترین خاڵەکان که پێویسـته کچان له دەسـتپێکی خوێندنیان لـە زانکۆ رەچاوی بکەن، راهاتن به کەشـەکە و هاورێ گرتنە.

چـرۆ کەریـم ئەحمـەد، ٢١ سـاڵ، خوێندکاری زانکۆیە. گرنگترین خاڵ له چونە زانکۆی کچان بەوە دەستنیشـان دەکات، کـە خەیاڵـی زۆر نەکەن، بۆ ئەوەی توشی بێئومێدیی نەبن.

وتـی: «کچـان به خـەون خەیاڵێکی زۆرەوە دەڕۆنـە زانکۆ کـە زیادەڕۆیی تێـدا کـراوە و پاش ماوەیـەک بۆیان روندەبێتـەوە که ئەم خەیاڵانە دورە له واقیعەوە».

بۆیە ئـەو کچە وابەبـاش دەزانێت کە کچان سـەقفی خەیاڵ و ویستەکانیان بۆ زانکۆ هێندە بەرز نەکەن پاشان کە پێی نەگەیشتن، زانکۆ و پرۆسەکەشیان لەبەرچاو بکەوێت.

مامۆسـتایەکی زانکۆ، ئـەو وتەیە بۆ قسەکانی (چرۆ) زیاد دەکات کە کچان پێویستە ئامانجەکانیان بەرونی لە چونە زانکۆ بزانن و خۆیان لە پەرشـوبڵاویی بیرکردنەوەیان بەدور بگرن.

د.ئەیـاد فایەق، مامۆسـتا لە زانکۆی گەرمیـان، بـاس لـەوە دەکات کچان پێویستە ئەوەیان لەبیرنەچێت کە ئەوان بۆ ئامانجێک چونەتە زانکۆ کە ئەویش سەرکەوتنە لە خوێندن دا.

> پێویستە کچان ورد بن لە هەڵبژاردنی هاورێ و متمانە بەهەمو کەسێک نەکەن

وتی: «ئەمە ئامانجی سەرەکیی خوێندنە لە زانکۆ، دەبێت خوێندکار ئەمە بزانێت و هەوڵ بۆ بەدیهێنانی بدات».

بەهۆی ئـەوەی کچانی خوێنـدکار لە چوارچێوەیەکـی خوێندنی تەسـکەوە کە قوتابخانـەی ئامادەییە رو دەکەنە چوارچێوەیەکـی بەرینتری خوێندن کە زانکۆیە، بۆیە دەرفەتی دروسـتکردنی پەیوەندیی هاورێیەتییان زیاتر دەبێت، ئەم حاڵەتە بەتایبەت بۆ کچانێک کەلە بەشە ناوخۆییەکان دەمێننەوە، زیاترە.

ئـەم پەیوەندیانـەش جگە لە سـودە زۆرەکانـی، هـاوکات هەندێکجـار بە پێچەوانەوە دەبنە کێشە و سەرئێشە بۆ خودی کچەکە.

لیا فەتاح ئەحمەد، ١٩ ساڵ، خوێندکاری زانکۆیە، باس لەوە دەکات لە سەرەتای چونـە زانکۆ دا هاورێـی زۆری هەبوە، بەڵام ئێسـتا ژمارەی هاورێ نزیکەکانی کورت بوەتەوە بۆ ٢ دانە.



لەباسـی هـۆکارە ئەمـە، دەڵێـت: «پێویستە کچان ورد بن لە هەڵبژاردنی هاورێ و متمانە بەهەمو کەسێک نەکەن، چونکە سەرەتا هەموان هاورێن و دواتر کەس کەس ناناسێت».

مامۆسـتایەکی زانکـۆ لەبـارەی دروسـتکردنی هاورێیەتییەوە لەلایەن کچـان لە زانکۆ، وایدەبینێت کە دەبێت رەچاوی وردیی بکرێت.

د. دارا حەمیـد، مامۆسـتا لە زانکۆی گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: «پێویستە هەڵبژاردنـی هاورێ بەهەڵسـەنگاندن و دونیابینینـەوە بکرێت نـەک لە ژێر هەسـت و سـۆز کە روبەروی گرفتیان دەکاتەوە».

پێشنیازیش دەکات بۆ کچانی خوێندکار کە سـەرەتا هاورێیەتیەکی سـادەیان هەبێـت لەگەڵ هاورێیانـی گروپەکەی خۆیـان دا و پاشـان کـە بۆیان رون دەبێتەوە کە لەگەڵ چی جۆرە هاورێیەک دەگونجێن، ئەوان دەستنیشان بکەن.

هەروەک د. ئەیاد فایەق‌یش لەوبارەوە دەڵێـت: «دەبێت خۆێنـدکار بزانێت تێکـەڵ بە چ جۆرە مرۆڤێک و چ جۆرە دەرونێک دەبێت».

تێکەڵبونـی زۆر لەسـەرەتای چونـە زانکۆ، رەنگە کچان روبەروی کۆمەڵێک گرفت بکاتەوە کە لە کۆتایدا پەشیمانی بـەدوادا دێـت، ئەم رایـە توێژەرێکی دەرونی جەختی لێدەکاتەوە.

سـەنگەر حەمید، بـۆ (نەوژین) وتی: «پێویسـتە لەزانکۆ سـود لە کەسانی بەئەزمون وەربگرن و وریای رەفتارەکانی خۆیـان بـن، بەوجۆرە رەفتـار بکە کـە لەگـەڵ خـۆت و ئامانجەکەت دا دەگونجێت».

---

# خێزانەکانی گەرمیان بۆ پشودان نازانن بچنە کوێ




■ نەوژین، شەیما مەحمود

**ئەگەر (ئاوات) بیەوێت بۆ پشودان لەگەڵ خێزانەکەی یان هاورێیانی دا بچنە شوێنێک، ئەوا جگە لە یەک دو جێگە، هیچ بژاردەیەکی تریان نییە، ئەو یەک دو شوێنەش، هێندە سەردانیان کردوە، بوە بەشوێنێکی ئاشنا و رۆتین.**

لەکـەلار دا یەکێک لـە حاڵەتە زەق و دیارەکان، نەبونی شـوێنی پشـودانی خێزانییە، ئیتر چ ریسـیۆرانت بێت یان پـارک و کافتریا و سـەنتەری دیکە، بەشـێوەیەک لەم شـارەی کە ژمارەی دانیشـتوانەکەی بە سـەروی چارەکە ملیۆنێـک کـەس مەزەنـدە دەکرێت، ژمـارەی ئەو شـوێنانەی شـیاون بۆ پشـودانی خێزانەکان، لـە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن.

ئـاوات ئەحمەد، ٢٧ سـاڵ، کارمەند، لەمبارەوە بـۆ (نەوژین) وتی: «ئەگەر بمانەوێت بە دەسـتە خوشـکی بچینە دەرەوەو کاتێکی خۆش بەسەر بەرین، نازانین رو بکەینە کوێ؟».

ئاماژەی بەوەشـکرد کە ئەو شوێنانەی هەیە بۆ ئەوەی ژنان بە کۆمەڵ یان بە خێـزان روی لێبکەن، ژمارەیان کەمە و سەردانکردنیش بۆ ئەو شوێنانە بوەتە رۆتین لەلایان و زۆر دوبارەیە.

هاوشێوەی (ئاوات)، شۆخان محەمەد، ٢٥سـاڵ، کە بێژەری رادیۆیە، نەبونی شـوێنی خێزانی لە شـارەکەی دا، بە کەموکورتیەکی زەق دەزانێت.

> ئەگەر بمانەوێت بە دەستە خوشکی بچینە دەرەوە نازانین رو بکەینە کوێ؟

وتی: نەبونـی شـوێنێکی خێزانی لە کەلاردا بە بۆشاییەکی گەورە دادەنێم و بە پێویستی دەزانم شوێنێک هەبێت کە خێزانەکان بە ئاسودەیی و ئارامی کاتی خۆیانی تێدا بەسەر بەرن.

وتیشـی: «زۆرجـار میوانێکمـان لە شـارێکی تر یان وڵاتێکـی ترەوە دێت نازانین بۆ کوێی بەرین».

سەرباری نەبون و کەمی شوێن، کەشە کۆمەڵایەتییەکەش بەهـۆکار دادەنرێت بەوەی ژنان سـارد بکەنەوە لەوەی رو لە شوێنەکانی پشودان بکەن.

چاوان مەریوان، ٢١ سـاڵ، خوێندکاری پەیمانگا، بۆ (نەوژین) وتی: «هەندێکجار خێزانەکان دەچنـە جێگایەک لەلایەن گەنجانەوە توانج لە کچەکانیان دەدرێت، بەداخەوە ئەمەش دیاردەیەکی ناشرینە وایکردوە کچان زۆر بە کەمی زاتی چونە شوێنە گشتیەکان بکەن».

نەبونی شوێنی پشودانی خێزانیی، زۆرتر کچانی نیگـەران کردوە، بەوەی کاتێک لەگەڵ هاورێ و دەستەخوشـکانیان دا دەیانەوێـت یەکتر ببینن و پشـویەک بدەن، شوێنێک شک نەبەن و ئەو کارە لە ماڵەوە یان لە بازاڕ دا بکەن.

> نەبونی شوێنێکی خێزانی لە کەلاردا بە بۆشاییەکی گەورە دادەنێم

شۆخان، لەوبارەوە وتی: ئێمەی کچان لە کـەلار نازانین رو لە کوێ بکەین بۆ گفتوگۆکردن لەبـری ئەوەی لە بازاڕ و ماڵەوە یەکتر ببینین.

وتیشی: جاری وا هەیە کۆمەڵێک هاورێ پێیانخۆشـە یەکببینن، بەڵام شوێنیکی گونجاو نیە کە بە ئارامی تیایدا پێکەوە دانیشـن، بۆیـە هەبونی ئـەم جۆرە شوێنانە بەڕاستی گرنگە بۆ شارەکە.

داواکاریـی ئەم خانمانەمـان روبەڕوی سـەرۆکی شـارەوانی کەلار کردەوە، بەڵام ئەویش لـەلای خۆیەوە داواکاری ئاراستەی خاوەنکارەکان کرد.

ئەکرەم سـاڵەح، سـەرۆکی شارەوانی کەلار، بـۆ (نەوژین) وتـی: لە کەلار شـوێنی تایبەت بە خێزان و پشـودان هەیە لـە نمونـەی پـارک و باخچە، ناشمانەوێت شـوێنەکان وەها لێبکەین کە تەنها بۆ ژنان یان بۆ پیاوان بن.

وتیشـی: ئێمـە وەک سـەرۆکایەتی شـارەوانی کەلار هیچ گرفتێکمان نیە و هەر کەس و لایەن و گروپێک بیەوێت ئەو کارە بکات، ئێمە لایخۆمانەوە هاوکاری دەبین و ئاسانکاریی بۆ دەکەین.

# ئازادیی دەنگدانیش بۆ ژنان بە ڕەوا نابینرێت

▪ نەوژین، ڕێناس ساڵح

**(هێرۆ) پاش ئەوەی بۆ یەکەمجار بەشداریی لە هەڵبژاردن دا کرد، ئیتر بۆ هەمیشە دەستبەرداری ئەو پرۆسەیە بو، ئەویش بەوهۆیەی براکەی ناچاری کردوە دەنگ بەو لایەنە بدات کە خۆی دەیەوێت، ئەمەش وایکردوە زۆر هەست بە شکان بکات.**

ئەگەرچی لە عێراق و کوردستان دا مافی دەنگکدان بۆ هەمو تاکە پێگەیشتوەکان بەبێ جیاوازیی ڕەگەزیی فەراهەمە، بەڵام ئەم مافە زۆرجار لەلایەن پیاوانەوە وەک زۆر بوار و مافی تر پێشێل دەکرێت، بەتایبەتی کە ناهێڵن ژنان ئیتر چ کچ بن یان خوشک یان دایک و هاوسەر، بە ویستی خۆیان لیست و کاندیدی دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن.

نێرگس، ٣٥ ساڵ، باس لەوە دەکات کە بەهۆی دەنگدانەوە کار گەیشتوەتە ئەوەی «تەڵاق» بدرێت. وتی: «لەبەر ئەوەی لەم هەڵبژاردنەی دوایدا بە هاوسەرەکەم وت خۆم ئەو لایەنەی کە دەمەوێت دەنگی بۆ دەدەم، کەچی تەڵاقی خوارد ئەگەر ئەو لایەنەی ئەو دەیەوێت من دەنگی بۆ نەدەم، ناهێڵێت دەنگ بدەم!».

سوهەیلە، ٥٥ ساڵ، بەهەمانشێوە بەشداری هەمو هەڵبژاردنەکانی کوردستانی کردوە، بەڵام خۆی خاوەنی دەنگی خۆی نەبوە.

وتی: «هەتاوەکو باوکی مناڵەکان مابو ئەو دەنگەکەی بۆ دەدام، ئێستا برازاکەی دەنگەکەم بۆ دەدات لەبری مناڵەکانی خۆم، ئەو پێم دەڵێت ئەگەر دەنگەکەت بۆ نەدەم بەم حزب و کەسە موچەکەت دەبڕدرێت، ئەگەر بشڵێم وانیە دەیکات بەناخۆشی لەگەڵمان، بۆیە هیچ ناڵێم لەبەر خزمایەتیمان».

> بەو شێوەیە ماڵەوە ڕێگەیان دام دەنگبدەم خۆم بە نەخوێندەوار بناسێنم

ئەم قۆرغکردنی مافی دەنگدانەی ژنان لەلایەن پیاوانەوە، سەری کێشاوە بۆ ئەوەی هەندێک لە ژنان بە تەواوی پشت لە پرۆسەکە بکەن و دەنگ نەدەن.

هێرۆ، ٢٥ ساڵ، باس لە چیرۆکی ئەو هەڵبژاردنە دەکات کە بەشداری تێدا کردوە، بەهۆی سوکایەتی براکەیەوە بڕیاری داوە ئەوە دوا چونی بێت بۆ هەڵبژاردن لە ژیانیدا.

وتی: «بەو شێوەیە ماڵەوە ڕێگەیان دام لەگەڵیان بچم بۆ دەنگدان کە خۆم بە نەخوێندەوار بناسێنم، بەڵام لە بنکەی دەنگدانەکە بەهۆی ئەوەی ڕێکخەری ریز پێشوتر هاوپۆلی خۆم بو و زانی من خوێندەواریم هەیە، ڕێگەی نەدا براکەم دەنگم بۆ بدات، ئەو کاتە زۆر دڵم خۆشبو وتم ئەوە منم دەنگی خۆم ئەگەیەنمە پەرلەمان!».



بەڵام ئەم هەستە خۆشەی (هێرۆ) زۆری نەخایاند و براکەی بەوهۆیەی نەیانهێشتوە ئەو دەنگی بۆ بدات، نەیهێشتوە خوشکەکەی دەنگ بدات.

«ڕۆژی دەنگدان تێدەگەین کە ژن هێشتا لە لایەن بەشێک لە پیاوان وا تەماشا دەکرێن کە کەم ئەقڵە و ناتوانێت تەنانەت نوێنەری خۆیشی دیاری بکات». (ڕاژان محەمەد) وادەڵێت.

ئەو لە سێ هەڵبژاردنی ڕابردو دا کارمەندی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بوە لە بنکەکانی دەنگدان لە کەلار، بۆ چارەسەری ئەم دەستبەسەراگرتنەی مافی دەنگدانی ژنان لەلایەن پیاوانەوە پێشنیازێک دەکات «باشتر وایە کۆمسیۆن یاریدەدەری دەنگدەر نەهێڵێت، چونکە ئەمە مۆتەکەی ژنانە لە ڕۆژی دەنگدان دا».

هەروەک داواش دەکات ڕێکخراوە مەدەنیەکان ڕۆڵیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی پیاوان لەسەر ئەم پرسە.

لەکاتێکدا دەستور و یاسا مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی بە ژنان بەخشیوە، کەچی لەلایەن پیاوانەوە ئەو مافە زەوت دەکرێت، ئەمەش پرسیاری ئەوە دەوروژێنێت: ئاخۆ بەشداریی ڕەگەزی مێ لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا لە کوردستان نابێتە بەشداریەکی روکەش؟

# لە نوگرەسەلمانەوە بۆ پارلەمان




▪ نەوژین

**بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارەی پارلەمانی کوردستان، (شیرین ئەمین)، ڕۆژنامەنوس و هاوسەری شەهیدی ڕۆژنامەنوس (کاوە گەرمیانی)، خۆی پاڵاوتوە و دەخوازێت بە چونە پارلەمانی، کار لەسەر ئەو دۆسیانە بکات کە چەند ساڵێکە لە شەقام دا هەوڵ بۆ بە ئەنجام گەیاندنی دەدەن.**

شیرین ئەمین، کە لەناو خەڵکی دا بە «شیرینی کاوە گەرمیانی» ناسراوە، لە هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان کە بڕیارە کۆتایی مانگی ئەیلول بەڕێوەبچێت، لەسەر لیستی بزوتنەوەی گۆڕان بە زنجیرە (٣٠)، یەکێکە لە سەد کاندیدەکەی ئەو بزوتنەوەیە و تاکە کاندیدی ژنی گەرمیانیشە لەنێو لیستی بزوتنەوەکەدا.

شیرین، لەبارەی خۆکاندیدکردنی و بەرنامەی هەڵبژاردنییەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دەیەوێت لەڕێگەی پارلەمانەوە بەدواداچون بۆ ئەو کەیسانە بکات کە چەند ساڵێکە لە شەقام داکۆکیی لێدەکەن و هاوشێوەی کاوەی هاوسەریشی «بەگژ گەندەڵی و گەندەڵکاران و ستەم و دەسەڵاتی مافیا دا بچێتەوە».

شیرین، بۆ (نەوژین) وتی: «من قوربانیی هەردو دەسەڵاتی بەعس و کوردییم، خێزانەکەم بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوەو خۆم لە نوگرە سەلمان گەڕامەتەوە، دوای ڕاپەڕینیش ئەوە هەموتان دەزانن کە دەسەڵاتی کوردیی چی بەرامبەر کردین و چۆن هاوسەرەکەمیان تیرۆر کرد و مناڵە لەدایکنەبوەکەمیان بێباوک کرد».

لەبارەی پێداگیریی لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، شیرین وتی: «ئەگەر کەسانێک بە دەم بەڵێن بدەن کە دەبنە خزمەتکاری خەڵک، ئەوا ئێمە چەندین ساڵە بە خوێن و گیان لەپێناو مافی ڕەوای گەل و میلەتەکەمان قوربانیمان داوە».

> ئامانجم لە خۆ پاڵاوتنم، ڕوبەڕوبونەوەی ستەمی دەسەڵاتە

> بە خوێن و گیان لەپێناو مافی ڕەوای گەلەکەمان قوربانیمان داوە

شیرین ئەمین، پێیوایە ئێستا کاتی ئەوەهاتوە بەرەنگاربونەوەی ستەمی زۆرداران ببەنە ئاستێکی تر و لەڕێگەی پارلەمانەوە کاری لەسەر بکەن، هەر ئەمەش بەهۆکاری خۆ پاڵاوتنی دەزانێت. دەڵێت: «کاتی ئەوە هاتوە پێکەوە لە ڕێگەی پارلەمانەوە دژ بەو یاسا و دەسەڵات و سیستەمە ستەمکارە بوەستینەوە کە چارەنوسی زۆرینەمانی بەم دەردە بردوە».

وتیشی: «کاتی ئەوە هاتوە کاربکەین بۆ ئەوەی چیتر لەسەر وتنی ڕاستیی گەنجەکانمان تیرۆر نەکرێن، لەسەر داواکای هەلی کار و مافی ژیانی یەکسان، دەرچوەکانمان تێکەڵ بە خوێن نەکرێن».

شیرین ئەمین، پێش ئەوەی ببێت بە هاوژینی ڕۆژنامەنوس (کاوە گەرمیانی)، خۆی وەکو ڕۆژنامەوان بۆ ژمارەیەک ڕۆژنامەو گۆڤار کاریکردوە. ژیانی ئەم ژنە بریتیە لە زنجیرەیەک کارەسات و ڕوداو، ئەو کەسوکارەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتون و خۆیشی لە زیندانەکانی نوگرە سەلمان ڕزگاریی بوە، بە زەحمەت و قوربانییدانێکی زۆرەوە توانیویەتی خوێندنی پەیمانگا تەواو بکات و وەکو فەرمانبەر لە شارەوانیەکانی گەرمیان دامەزراوە.

پاش کەمتر لە ساڵێک لە هاوسەرگیرییکردنی لەگەڵ ڕۆژنامەنوس (کاوە گەرمیانی)، هاوسەرەکەی لە شەوێکی زستانی ٢٠١٣ تیرۆر دەکەن، لەکاتێکدا ئەو سکپڕ بوە بە نۆبەرەکەیان. ئەو بەمانای وشە، قوربانیی دەسەڵاتە بەدوای یەکدا هاتوەکانی عێراق و هەرێمە.

لەبارەی هۆکارەکانی خۆپاڵاوتنی بۆ پارلەمانی کوردستان، (شیرین ئەمین) ئاماژەی دا کە لەلایەن هەندێک هاوڕێوە پێشنیازی بۆ کراوە بەتایبەت لەلایەن کەسوکاری شەهیدانی قەڵەم و شەهیدانی خۆپیشاندانەکانەوە.

وتیشی: «ئامانجی ئێمە لە خۆ پاڵاوتنم، بۆ ڕوبەڕوبونەوەی زوڵم و ستەمی ئەم دەسەڵاتەیە، بۆ ئەوەی نەهێڵین چیتر گەنجانی دیکە وەکو کاوە تیرۆر بکرێن لەکاتێکدا جەلادەکان ئازاد و سەربەست نەبن».

لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، بۆ ئەم هەڵبژاردنەی پارلەمانی کوردستان، ٢ ژن کاندید بون، یەکێکیان (فرمێسک عوسمان)ە لە لیستی (هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریی) کە ئەو لیستە کشانەوە لە هەڵبژاردن، دوەمیشیان (شیرین ئەمین)ە.

لەبارەی ئەوەی چیی پێ دەبێت بۆ ژنان و بەتایبەتی ژنانی گەرمیان ئەگەر چوە پارلەمان، (شیرین) ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو دابڕاو نییە لە ئازار و کۆژانی ژنان، هەربۆیە گرنگییدان بەوان لە ئەولەویەتی کارەکانی دەبێت.

# دەرگای مەکتەب کرایەوە ... پشوی هاوین بڕایەوە

## ڕێنماییە گرنگەکان لەبارەی یەکەم ڕۆژی منداڵان لە قوتابخانە



■ نەوژین، فاتمە جومعە

**«کوڕەکەم ئەمساڵ دەچێتە پۆلی یەک، هەوڵمداوە لە کەشوهەوای قوتابخانە تێیبگەیەنم بەوەی چۆن ڕێز لەمامۆستا و هاوڕێکانی بگرێت، ڕاستە منداڵەکەم نەخستوەتە باخچەی ساوایان، بەڵام زۆرباش هەوڵم لە پەروەردەکردنی داوە».**

ئەمە وتەی (ئەژین عەبدوڵڵا)ی تەمەن ٣٠ ساڵە، کە ئەمساڵ بۆ یەکەمجارە کوڕە ٦ ساڵانەکەی دەچێتە قوتابخانە.
بەوپێیەی قوتابخانە دەبێتە ماڵی دوەمی قوتابی و دیارترین ئەو ناوەندانەیە کە لێوەی پەروەردە دەبێت، بۆیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، گرنگیەکەشی بەتایبەت بۆ ئەو منداڵانە زیاترە کە ئەمساڵ یەکەم ساڵی خوێندنیانە و دەچنە قوتابخانە.
دایکان ئاماژە بەوەدەکەن، بە حەماسێکی زۆرەوە چاوەڕێی ئەم ڕۆژەیان کردوە.
ئەژین، ئاماژەی بەوەکرد کە هەوڵی داوە لەم ماوەیەی ڕابردودا منداڵەکەی بۆ چونە قوتابخانە ئامادە بکات «هەوڵمداوە پێش دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن، کوڕەکەی ئاشنای قوتابخانە بکەم و ئامادەی بکەم».
بەشێک لەو دایکانەی کە منداڵەکانیان قۆناغی یەکەمیان بڕیوە باس لە کاریگەری مامۆستا و کادیرانی ناو قوتابخانە دەکەن لەسەر ڕۆڵەکانیان.
«منداڵەکەم ئەمساڵ دەچێتە پۆلی دو، لە پۆلی یەکەم بەڕاستی مامۆستای ئەلف و بێ زۆر هاوکاری دەکرد، هەرچەند دۆخی تەندروستی جێگیر نییە، بەڵام وایانکرد کە بە باشی ئەو پۆلە ببڕێت». سارا حەمید، ٢٩ ساڵ، وەهای وت.
مامۆستایانیش جەخت لەو ڕایەی (سارا) دەکەنەوە، بەوەی ئەوان دەتوانن بە باش و خراپ کاریگەریی بەسەر منداڵانەوە جێبێڵن.
بەناز محەمەد، زیاتر لە ٢٠ ساڵە مامۆستای بنەڕەتیە، بۆ (نەوژین) باس لە گرنگی هەڵسوکەوتی مامۆستا دەکات لەگەڵ ئەو منداڵانەی تازە دەچنە قوتابخانە.
وتی: «ڕەفتاری مامۆستا کاریگەری خۆی هەیە بەوپێیە ئەو منداڵانە سەرەتایانە، بۆیە دەبێت بە نەرمونیانی مامەڵەیان لەگەڵ دا بکرێت».
ئەو مامۆستایە بە گرنگیشی دەزانێت پێش قوتابخانە، منداڵان قۆناغی باخچەی ساوایان تەواو بکەن.
هەندێک لە دایکان لەدەرەوە کاردەکەن،

> گرنگە منداڵ ڕابهێنرێت کە قوتابخانە شوێنی فێربونە

ئەمەش تاڕادەیەک ئەرکیانی گران کردوە.
سەنا، نمونەی یەکێکە لەو دایکانە، بۆ (نەوژین) وتی: «کچەکەم هەرچەند لەباخچەی ساوایان بوە، بەڵام خۆم هەر بەردەوام شتم فێر دەکرد چ لەروی پیتەکان بێت یان ژمارە و شتی دیکە».
وتیشی: «ڕاستە قورسە هەم دایک بیت وهەم کاریش بکەیت، بەڵام من هەوڵمداوە کە هاوسەنگی ڕابگرم و گرنگیەکی باشیش بەمنداڵەکانم دەدەم».
توێژەرێکی کۆمەڵایەتیش، هەندێک ڕێنمایی لەبارەی شێوازی دەستپێکردنی منداڵان لە یەکەم قۆناغی خوێندنی ژیانیان، دەخاتەڕو.
هاوار ئیبراهیم، ماوەی ٧ ساڵە وەک توێژەری دەرونی لە یەکێک لە قوتابخانەکانی کەلار کاردەکات. بۆ (نەوژین) وتی: «گرنگە منداڵ ڕابهێنرێت کە قوتابخانە تەنها شوێنی یاریکردن و هاوڕێیەتی نییە، بەڵکو شوێنی فێربونە».
ئاماژەی بەوەشکرد پێویستە باوکانیش هاوشانی دایکان یارمەتی منداڵەکانیان بدەن بۆ ڕاهاتن لەسەر قوتابخانە.
ئەو توێژەرە بەشێکی بەرچاوی ئەرکەکانیش دەخاتە ئەستۆی مامۆستایان، لەوبارەوە وتی: «زۆرجار خۆم منداڵمان لە لابوە کە زۆر شتی نەزانیوە تەنانەت نەیتوانیوە بەئاسانی بەسەر پلەکانەکانی قوتابخانەکەماندا سەربکەوێت، ئێمە وەک هاوڕێ ئاگەداری بوین و فێرمان کردوە، لەبەرئەوەی هەمو ئەو منداڵانەی دێنە لامان مەرج نییە چوبێتنە باخچەی ساوایان، بۆیە دەبێت مامۆستایان وردتر و باشتر مامەڵەیان لەگەڵ دا بکەن».

---

# باخچەی ساوایان... ئەو قۆناغەی خێزانەکان بە هەندی وەرناگرن

■ نەوژین، ئالا عەزیز

**«منداڵان لەدوای قۆناغی باخچەی ساوایان زۆر دەگۆڕێن، چونکە سەرەتا شارەزایی تەواویان نییە، بەڵام کە دێنە باخچە لایەنی ژیری و کۆمەڵایەتی و جەستەییان پەرەی پێ دەدرێت». ئەمە قسەی مامۆستایەکی باخچەی ساوایانە کە ئەزمونی ١١ ساڵی کارکردن لەو بوارەدا هەیە.**



پێش ئەوەی بچنە قوتابخانە، منداڵان قۆناغێکی تریان هەیە کە قۆناغی باخچەی ساوایانە، ئەم قۆناغە وەکو ئامادەکاریی و ڕاهێنانێکە بۆ منداڵان بۆ ئەوەی قۆناغی چونە قوتابخانە، بە سەرەتایەکی باشترەوە دەست پێبکەن.
ئەگەرچی بەشێکی بەرچاوی خێزانەکان گرنگیی بەم قۆناغە نادەن و منداڵەکانیان نانێرنە باخچە، بەڵام مامۆستایان و چ شارەزایان و تەنانەت ئەو دایکانەش کە منداڵیان خستوەتە باخچە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە بونی ئەم قۆناغە، سودێکی زۆری بۆ منداڵ دەبێت و زوتر ڕایدەهێنێت بە کەشی قوتابخانە.
ڕوناک ئەحمەد، ٣٤ ساڵ، مامۆستای باخچەی ساوایانە، بۆ (نەوژین) وتی: «منداڵەکان لەدوای قۆناغی باخچەوە زۆر دەگۆڕێن، لایەنی ژیریی و کۆمەڵایەتی و جەستەییان پەرە دەسێنێت، هەروەها لەئاستی دوەمی باخچە دا پرۆگرام هەیە بۆ فێرکردنیان بۆ ئەوەی باخچە تەواو دەکەن کەسێکی تاڕادەیەک ئامادەکراو بن بۆ قۆناغی قوتابخانە».

> منداڵەکان لەدوای قۆناغی باخچەوە زۆر دەگۆڕێن

ئەو دایکانەی کە منداڵیان لە باخچەی ساوایانە، هاوڕان لە گرنگیی ئەم قۆناغە بۆ فێربون و پێگەیشتنی منداڵ.
پەیمان ئیبراهیم، ٣١ ساڵ، منداڵەکەی ئێستا لە پۆلی دوەمی بنەڕەتیە و پێشتر قۆناغی باخچەی بینیوە. وتی: «کچەکەم زۆر شەرمن بو لەڕوی تێکەڵ بون لەگەڵ دەوروبەر و قسەکردن و وەڵامدانەوەوە، بەڵام کە ناردمە باخچە بە ڕونی هەستم بەگۆڕانکاری کرد تیایدا».
دایکی (ئایە) پێیوایە باخچەی ساوایان هاوکارێکی باشە بۆ خێزانەکان لە پەروەردەکردنی منداڵ دا.
جوان ساڵەح، (محەمەد)ی کوڕی لە باخچەی ساوایانە، لەبارەی ئەم ئەزمونەوە وتی: «کوڕەکەم پێشتر زۆر شەرمن بو، بەڵام کە ناردمە باخچەی ساوایان باشتر بوە».
ئەم خاڵە، مامۆستایانی قوتابخانەش جەختی لێدەکەنەوە، بە ڕادەیەک ئەو منداڵانەی باخچەیان تەواو کردوە، ئاستیان باش و بەرز ترە.
ئاریان محەمەد، ٢٧ ساڵ، مامۆستای بنەڕەتی، بۆ (نەوژین) وتی: «جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان ئەو منداڵانەی پێش قوتابخانە ئەزمونی باخچەی ساوایانیان کردوە و ئەوانەی منداڵی ماڵەوەن، ئەوانەی باخچە لەڕوی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و قسەکردن و ڕێزگرتن و زیرەکیەوە باشترن و ئەم جیاوازیەش بە ڕونی هەستی پێدەکرێت».
سەرباری توانای فێربون، بەوتەی توێژەرێک لەروی دەرونیشەوە باخچە ڕۆڵی هەیە لە جێگیر بونی کەسایەتی منداڵ دا، بۆیە پێشنیاز دەکات دایکان و باوکان فەرامۆشی نەکەن.
سەنگەر حەمید، توێژەری دەرونی، وتی: گەشەکردنی مێشکی منداڵی بچوک بەشێوەیەکی دروست، پێویستی بەهاندانێکی تایبەت هەیە، بەپێی ئەو هاندانە گونجاوە دەتوانرێت گەشە بە ئاڕاستەکانی مێشک بدرێت و توانای سۆزداری و کۆمەڵایەتی و هزرییەکانی پەرە پێبدات.
وتیشی: باخچەی ساوایان لەهەمو دنیادا بە «وێستگەی شەمەندەفەر» دەشوبهێنرێت و پێیدەوترێت یەکەم وێستگەی ژیانی مرۆڤ، لەوێوە گەشتێکی درێژی ژیان دەستپێدەکات، هەربۆیە زۆر گرنگە ئەو مرۆڤە بچوکەی ناو کۆمەڵگا لەیەکەم گەشتیدا کەسانی ڕێنیشاندەر و دڵسۆز و شارەزا پلانی تۆکمەی بۆ دابنێن تا ببێتە بناغەیەکی پتەو بۆ وێستگەکانی دیکەی ژیانی.

# هەم کاردەکەن و هەم پەرە بە بەهرەکانیان دەدەن

■ نەوژین، ئەحمەد حەمید

**(خەڵات) و (ڕۆزا) دو کچی ڕچکەشکێنن لە دەربەندیخان و جگە لەوەی لەبواری وەرزش دا چالاکن، کاریش دەکەن و خاوەنی ئابوری سەربەخۆی خۆیانن.**

هەن ئەو کچانەی کە کاربکەن یاخود پەرە بە تواناکانیان بدەن، بەڵام کەمن ئەو کچانەی هاوشێوەی خەڵات و ڕۆزا هەم کاربکەن و هەم خەونی بون بە ئەستێرەیان هەبێت و تواناکانیان برەو پێبدەن.

خەڵات عومەر، کچە لاوێکی دانیشتوی قەزای دەربەندیخانە و لەگەڵ ئەوەی یاریزانی یاری بالەیە، کاردەکات و خاوەن کاری خۆیەتی. لەمباریەوە بۆ (نەوژین) دەڵێت: «حەز و ئارەزوم بۆ کارکردن هەوڵدانێکە بۆ شکاندنی ئەو بەربەستەی کە تائێستا بەشێکی کەم لە ئافرەتانی سنوری دەربەندیخان توانیویانە بیشکێنن».

دەشڵێت: «دەمەوێت سەرنجی کەسانی دیکە رابکێشم بەلای ئەو کارەی دەیکەم و کۆمەڵگا لەو سنوری توندییە دەربێنم کە تائێستا دەرفەتی کار بە ئافرەت نادات».

زۆرجار ئافرەتان خەون خولیایان هەیە و هەندێکجار کۆمەڵکە بە ڕێگر دەبینن لەبەردەم خەونەکانیان، هەندێکی دیکەشیان دەڵێن خێزانەکانیان ڕێگرە، بەڵام (خەڵات) پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو دو رایە و جەختی لەوەکردوە کە خێزانەکەی پشتگیری ئەون.

وتی: «خێزانەکەم جگە لەوەی پاڵشتمن ، هاوکارییەکی باشی مادی و مەعنەویشم دەکەن بۆهەرکارێک بمەوێت ئەنجامی بدەم».

جەختیشیکردەوە: «هەر کارێک کە ئەنجامی بدەم ئەگەر قەناعەت بە مێشکی خۆم و بیرکردنەوە و تێڕوانینی ماڵەوەمان بکات، گرنگ نیە کۆمەڵگە چی دەڵێن، من بۆیە ئەو شتانە ئەنجام دەدەم هەتا بەربەست بشکێنم نەک ترسان لەقسە و باسی کۆمەڵگا».

> ژنان پێویستە دەستبەرداری خەونەکانیان نەبن و ببنە خاوەن کاری خۆیان

(خەڵات) و (ڕۆزا) پێکەوە لە دوکانێکی فرۆشتنی جلوبەرگ دا کاردەکەن ئەوەش دەخەنەڕو کارکردنەکەیان وایلێکردون بەسەر ئاستەنگی دیکەشدا زاڵ بن.

ڕۆزا نوری، دانشتوی قەزای دەربەندیخانە، بۆ (نەوژین) باس لە دەستپێکی کارکردنی تا ئێستا دەکات و دەڵێت: «نزیکەی ٨ مانگە سەرقاڵی کارکردنم تا ئێستە زۆر باش و ئاسودەم، کارکردن بۆ ئافرەت گرنگە».

ڕۆزا، کاکردن دەبەستێتەوە بە ئازادییەوە و دەڵێت: کارکردن جگە لەوەی بژێوی ژیان دابین دەکات و دەبیتە خاوەن ئابوریەکی تایبەت بە خۆت، ئازادی زیاتریشت پێ دەبەخشێت.

ئەو پێیوایە دەبێت ژنان هاوکاری یەکتربن بۆ ئاسانکاریی زیاتر و بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانیان.

دەڵێت: «کارکردن ڕێگەی ژیانی نەگرتوم، بەڵکو کارەکانی بۆ ئاسان کردوم».

(خەڵات) و (ڕۆزا) هاوڕان لەسەر ئەوەی ژنان پێویستە دەستبەرداری خەونەکانیان نەبن و ببنە خاوەن کاری خۆیان، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە هەوڵ بۆ بە دەستهێنانی خواست و مافەکانی دیکەیان بدەن.

ئەوان بە گەشبینیەکی زۆرەوە دەیانوت: «ئافرەتان هاوشانی پیاوان توانای بەڕێوەبردنی زۆرێک لەکارەکانیان هەیە و رەنگە باشتریش بن».



---

# لە پشت هەر ژنێکی ئیشکەرەوە پیاوێکی پشتیوان هەیە



■ نەوژین، ئەسما کەریم

**هەتا پێش چەند ساڵێک، ئەگەر (نەسرین) بیویستایە وەکو ئێستا لە فرۆشگایەک دا کار بکات و بەشدار بێت لە دابینکردنی بژێویی خۆی و خێزانەکەی، ئەوا ڕەنگە ڕێگریی زۆری بۆ دروست ببوایە و لەپێش هەموشیانەوە هاوسەرەکەی نەیهێشتایە، بەڵام ئێستا ئەو ماوەی زیاتر لە دو ساڵە کاردەکات و لەمەشدا هاوسەرەکەی پاڵپشتی سەرەکیەتی.**

ماوەی چەند ساڵێکە لە بازاڕەکانی گەرمیان ژمارەیەکی بەرچاوی ژنان رویان لە کارکردن کردوە، ئەمەش لەکاتێکدا پێشوتر کارکردنیان لەکەرتی تایبەت دا زۆر سنوردار بو، ژنان ئاماژە بەوەدەکەن ئەگەر پشتگیریی و پاڵپشتیی پیاوان نەبوایە، قورس بو بتوانن سەرکەوتو بن لەم کارەیان.

نەسرین حەسەن، ٢٨ ساڵ، کە کار لە فرۆشگایەکی تایبەت بە ئافرەتان دەکات، بۆ (نەوژین) وتی: «هاوسەرەکەم هاوکارێکی باشمە لە کارەکەمدا و هیچ ڕێگریەکم لێ ناکات».

باس لەوەش دەکات کە هاوسەرەکەی نەک بەتەنیا دەرفەتی کارکردنی پێداوە، بەڵکو هاندەریشی بوە، ئەمەش وایکردوە کە بتوانێت کارەکەی بە ئاسانتر ئەنجام بدات.

وتی: «هاوسەرەکەم پشتگیریم دەکات، هانی زیاترم دەدات بۆ ئەوەی بەردەوام بم لەکارەکەمدا».

ئەگەر ژنان لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە پشتیوانیی بکرێن لە کارکردن دا، ئەوا کچان باوک و دایک بە پاڵپشتیی سەرەکیی دەزانن.

(جوان) یەکێکە لە کچانی کارکەری کەلار، تاوەکو ئێستا لە چەندین شوێنکار و بواری جیاوازدا کاریکردوە، کۆتا کاریشی دروستکردن و فرۆشتنی بۆنە لە دوکانێکی جوانکاریی تایبەت بە ژنان، پێیوایە کە پێویستە کچان خۆیان بۆ خێزانەکەیان بسەلمێنن کە توانای کارکردنیان هەیە.

> هاوسەرەکەم هانی زیاترم دەدات بۆ ئەوەی بەردەوام بم لەکارەکەمدا

جوان محەمەد، ٢٧ ساڵ، سەبارەت بە کارکردنی وتی: «من ماوەی چەند ساڵێکە کاردەکەم و ڕێگریەکی ئەوتۆم بۆ دروست نەبوە، سەرەتا تاڕادەیەک ئاسان نەبو، بەڵام توانیم خۆم بسەلمێنم».

سەبارەت بە دروستبونی ڕێگری و ئاستەنگ لەلایەن خێزانەکەیەوە، دەڵێت: «باوکم هیچ کات ڕێگرم نەبوە کە کاربکەم، بەڵکو هاوکارێکی باشمە، دایکیشم لەباوکم زیاتر پشتگری کردوم هاندەرێکی باشم بوە بۆ ئەوەی لەکارەکەمدا سەرکەوتوبم».

بەشێک لەو پیاوانی کە ڕێگە بەکارکردنی کچ و ژنەکانیان دەدەن هۆکارەکەی بۆ هەبونی متمانە بە توانای کارکردن و متمانەی تەواویان بەخێزانەکەیانە.

یاسین ڕەفیق، کە ژنەکەی لەدەرەوەی ماڵەوە کار دەکات، بۆ (نەوژین) دوا: «بەوپەی متمانەوە ڕێگە بەکارکردنی هاوسەرەکەم دەدەم و زۆرێک لەڕۆژەکان خۆم دەیگەیەنمەسەر کار، چونکە ئافرەتیش وەک پیاو مافی ئەوەی هەیە کار بکات و ببێت بە خاوەن ئابوری سەربەخۆی خۆی».

> بەوپەڕی متمانەوە ڕێگە بەکارکردنی هاوسەرەکەم دەدەم

محەمەد، ماوەی چەند ساڵێکە کچەکەی لەدەرەوەی ماڵەوە کار دەکات، رایوایە کە ئابوری سەربەخۆ لەلایەن ژنانەوە، وایان لێدەکات زیاتر مافەکانی خۆیان زیاتر دەستەبەر بکەن، دەڵێت: «کچەکەم لەدەرەوە کار دەکات، زۆریش دڵخۆشم بەکارکردنی و متمانەی تەواوم پێیەتی».

«متمانە»، ئەو خاڵەیە کە (جوان) یش جەختی لێدەکاتەوە و بە کرۆکی ڕێگەدان بە کارکردنی ژنانی دەزانێت.

وتی: ئەگەر ژنان متمانەیان بەخۆیان هەبێت و بتوانن بۆ خێزانەکەیان بسەلمێنن کە توانای کارکردنیان هەیە و سەرکەوتون، ئەوا بێگومان ئەوانیش پاڵپشتییان دەکەن و ناتوانن ڕێگرییەکی ئەوتۆیان بۆ دروست بکەن.

# کاریان دەوێت کەچی روبەڕوی گێچەڵپێکردن دەبنەوە

▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**«بەرەبەیان بو ڕۆشتم بۆ سەر کار، ئەو رۆژە خاوەن کارەکەم نامۆیانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم، خۆم بینیەوە لەبەردەم گێچەڵپێکردنی و داوایکرد کە لەگەڵی رێکبکەوم، کە بەتوندی ڕەدم کردەوە و رازیی نەبوم، لەکارەکە دەریکردم».**

گێچەڵپێکردن «تحرش»، لە دونیای کاردا حاڵەتێکی ناسراوە، کاتێک هەندێک لە ژنان لەشوێنکارەکانیان دا روبەڕوی گێچەڵ دەبنەوە لەلایەن خاوەن کار و بەڕێوبەرەکانیانەوە، لەگەڵ زیادبونی ژمارەی ژنانی ئیشکەر لەگەرمیانیش، هەندێکیان باس لەوە دەکەن کە روبەڕوی ئەم حاڵەتە بونەتەوە.

ئەو ژنەی کە راپۆرتەکەمان بە گێڕانەوەکانی ئەو دەستپێکرد، بەمشێوەیە وردەکاریی چیرۆکی گێچەڵپێکردنەکەی بۆ (نەوژین) گێڕایەوە: «ئەو بەیانیە خاوەنکارەکەم بۆ ئەوەی من رازیی بکات، وتی پارەیەکی باشت پێدەدەم و کرێکەت زیاد دەکەم، بەڵام کە من رازیی نەبوم و بەرپەرچم دایەوە، ئەو لە کارەکە دەریکردم».

(ش)، هێندە بە روداوەکە کاریگەر بو وەک ئەوەی ئێستا رویدابێت، بەدڵتەنگیەوە وتی: «من خاوەنی ماڵ و منالم، ویستم بە کارێکی شەرافەتمەندانە بەشداریی بکەم لە دابینکردنی بژێویی خێزانەکەم، کەچی روبەڕوی ئەو چارەنوسە کرامەوە».

هاوشێوەی ئەو ژنە، ژنانی تری کرێکار هەن کە لە کاتی کارکردن دا روبەڕوی گێچەڵپێکردن بونەتەوە، ئەمەش وایکردوە واز لە کارکردن لەو شوێنکارە بێنن.

> کەسی گێچەڵپێکراو جێگیریی دەرونی لەدەستدەدات

س، ژنێکی ترە کە گێچەڵی پێکراوە، بۆ (نەوژین) وتی: «خاوەن کارەکەم بۆ ئەوەی من رازیی بکات، ئامادەیی خۆی پیشاندا کە برێکی زۆر پارەم پێبدات، بەڵام من نەک هەر داواکەیم رەد کردەوە، بەڵکو وازیشم لە کارکردن لەو شوێنە هێنا».

ئەمجۆرە دەستدرێژیە بۆسەر ژنان، وادەکات تێڕوانینیان بۆ کارکردن بگۆڕێت و متمانەیان بە پیاوان و شوێنکارەکان نەمێنێت.

س، پشتڕاستی ئەم بۆچونەی کردەوە و وتی: «بەهۆی لەدەست دانی متمانەکردن بەخاوەن کارەکان چیتر بەدوای کاردا نەگەڕام».

پ، کە کچێکی دەرچوی زانکۆیە، ئاماژە بەوەدەکات کە کارکردنی زۆر لەبەرچاو کەوتوە، ئەویش کاتێک چەندجارێک هەستیکردوە ئەو شوێنانەی دەیانەوێت کاری پێبدەن، مەرامی دیکەیان هەیە.

ئەو کچە نمونەی ئەوە دەگێڕێتەوە کە خاوەنکارێک وەک ئەوەی بیەوێت ژوانی لەگەڵ ببەستێ، وتویەتی لە پارکێک چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکات بۆ پێدانی کارەکەی.

کارزان فوئاد، توێژەری دەرونی، جەخت لە زیانەکانی گێچەڵپێکردن دەکاتەوە و بۆ (نەوژین) وتی: «کەسی گێچەڵپێکراو جێگیریی دەرونی لەدەستدەدات و تێپەراندنی ئەو بارودۆخەش هەوڵ و تەقەلای زۆری دەوێت بەئامانجی گەڕانەوەی متمانەبەخۆبونی».

ئەوەی مایەی تێبینیە ئەوەیە کە ئەم حاڵەتە کە بەپێی یاسا و بنەماکانی مافی مرۆڤ تاوانە، کەچی قوربانیەکانی بێدەنگیی لەبارەوە دەکەن.

سەباح محەمەد، پارێزەر، بۆ (نەوژین)ی رونکردەوە کە بەپێی یاسا گێچەڵپێکردن تاوانە و سزای لەسەرە «بەپێی مادەی ٤٠٠ی کاری بێ شەرمیی لە یاسای سزادانی عێراقی، کەسی تاوانبار سزادەدرێت بەبەندکردن کە ماوەکەی زیاتر نەبێت لە ساڵێک».

بەڵام وادیارە ئەوەی وادەکات ژنانی گێچەڵپێکراو سکاڵا تۆمار نەکەن، یاسا نییە، بەڵکو بارە کۆمەڵایەتیەکەیە.

س، لەبارەی هۆکاری بێدەنگ بونی لە ئاست ئەم تاوانە، وتی: «لەترسی باوک و کەسوکارم نەمتوانی سکاڵا تۆماربکەم، چونکە منی زیاتر پێدەشکا».

بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە گەرمیانیش، ئاماژە بەوەدەکات کە ژنانی گێچەڵپێکراو لە ترسی کۆمەڵگا ناتوانن سکاڵا تۆمار بکەن.

لەمیعە محەمەد، بۆ (نەوژین) جەختیکردەوە: «تائێستا کەس سکاڵایەکی لەو شێوەیەی لەلا تۆمار نەکردوین».



# باوەژن خوا ناناسێت؟



▪ نەوژین، زریان محەمەد

**کە ناوی «باوەژن» دێنین، زۆربەمان بیرمان بۆ چەوساندنەوە و زوڵم دەچێت و ئەو وتە بڵاوەمان بیردێتەوە کە ناونیشانی درامایەکی کۆنی کوردیشە کە دەڵێت: «باوەژن خوا ناناسێت»، لەکاتێکدا وەکو خودی ئەو کچانە باسی دەکەن کە باوەژنیان هەیە، مەرج نیە هەمو جارێک ئەمە راست بێت، توێژەرێکیش رایوایە کە بەدحاڵیبون رۆڵی هەیە لە دروستبونی کێشە لەنێوان کچان و زڕدایکەکانیان دا.**

ئاورنگ محەمەد، ١٩ ساڵ، خوێندکار، دایکی کۆچی دوایی کردوەو باوەژنی هەیە. بۆ (نەوژین) دەڵێت: «باوەژنم هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ دایکم ئەشتوانم بڵێم لە دایکیشم باشترە، چونکە سۆز و خۆشەویستی زۆری پێداوم، تەنانەت ئیشەکانی رۆژانەم ئەو دەیکات ئەگەر من خوێندن یان شتێکم هەبێت».

وتیشی: باوەژنم خوێندنی زیاد لە پێویست بۆ ئاسان کردوم و زۆر پاڵپشتمە، بە جۆرێک یارمەتیم دەدات و خۆشەویستی پێداوم هیچ کات نەیهێشتوە هەست بەوە بکەم کە دایکمم لە دەست داوە.

ئەو کچە نایشارێتەوە هەندێکجار کێشە و دەمەقاڵەیان دەبێت لەگەڵ باوەژنی، بەڵام ئەوە بە حاڵەتێکی ئاسایی دەزانێت «وەک هەمو کچ و دایکێک واین».

بە پێچەوانەی ئاورنگ، بەشێکی تر لەو کچانەی دایکیان لەدەستداوە، باوەژن بە هۆکارێکی خراپبونی دۆخی ژیانیان دەزانن.

سانا، ١٥ ساڵ، ناوی خوازراوی کچێکی گەرمیانە، لەگەڵ ناوهێنانی دایکی لە ناکاو بەدەنگی بەرز گریا و بۆ (نەوژین) دواو وتی: «بەگەیشتنی باوەژنم دەرگای دۆزەخ بۆ من و براکەم والابو، باوەژنم بەبیانو و بۆڵە کێشەی بۆم دروست دەکرد، بەوهۆیەش باوکم بە من و براکەمی وت گەر پێم بکرایا فڕێتانم دەدا».

> باوەژنم توندوتیژی زۆر دەکرد بەرامبەرم

> باوەژنم هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ دایکم

وتیشی: باوەژنم توندوتیژی زۆر دەکرد بەرامبەرم، بوختی پێدەکردم، باوکمی هاندا تا لە قوتابخانە دەرم بکات و کردیشی.

ئەو کچە باس لەوە دەکات هەر باوەژنی هۆکار بوە لەوەی باوکی بە منالی لە ئامۆزایەکی مارە بکات ئەگەرچی رازیی نەبوە.

بەرێوبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی گەرمیان، ئەگەرچی هیچ داتایەکی لەبارەی کێشەی نێوان کچان و باوەژنەکانیان لەبەردەست نییە، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات زۆرجار کچان لەلایەن باوەژنەکانیانەوە دەچەوسێنرێنەوە.

عەقید لەمیعە محەمەد، دەڵێت: «ئەو منالانەی توندوتیژیان بەرامبەردەکرێت لەلایەن زر دایکیانەوە، نایەن لای ئێمە سکاڵا بکەن، بەهۆی ئەوەی یان تەمەنیان منالە و نازانن، یان کەسێک نیە هاوکاریان بێت و بیانپارێزێت، بۆیە ئەم جۆرە بابەتە بە داخراوی دەمێنێتەوە».

وتیشی: ئەوەی کە ئێمە دەتوانین بیکەین پێدانی رێنماییە بە هاوڵاتیان لە رێگەی کۆڕ و سیمینارەوە، بەوەی رێزی یەکتر بگرن و مافی یەکدی پێشێل نەکەن.

لە کۆمەڵگای کوردیدا کە ناوی باوەژن دەهێنرێت راستەوخۆ تابلۆیەکی ترسناک دێتە پێش چاو، هۆکاری ئەمەش بەدحاڵیی بون و لە یەک نەگەیشتنە. ئەمە بە وتەی توێژەرێک.

سەنگەر حەمید، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «بێگومان لە دەستدانی سۆزی دایکایەتی بۆشاییەکی گەورە بۆ منال دروستدەکات و پڕکردنەوەی مەحاڵە لە لایەن کەسانی دیکەوە، بۆیە زۆرجار ئەو باوەژنانەی کەدێنە نێو ژیانی تێگەشتنێکی تەواویان نییە و ناتوانن وەک پێویست سۆز بدەن بەو کچانە، یان ئەو کچانە ئەو سۆزەی پێیان دەدرێت بە کەم دەزانن، ئەمەش وا دەکات کچان کاریگەری دەرونی لە سەریان زۆر بێت».

# خوێنەری ژنی زۆر و وەرگێڕی کەم



■ نەوژین، شانۆ ئیسماعیل

**ئەگەر هەندێک بە گلەیی بن لەوەی ژمارەی خوێنەری ژن کەمە، ئەوا رەوشەکە بۆ کاری «وەرگێڕان» قورستر دەبێتەوە، بەشێوەیەک لەگەرمیان دا ژمارەی ژنانی وەرگێڕ زۆر کەمن، هەندێکیان خودی ژنان بەهۆکار دەزانن، هەندێکی تریشیان نەبونی پاڵپشتیی.**

وەرگێڕان، ئیتر هی دەقی ئەدەبی بێت یان دەقی دیکە، لەئێستادا برەوێکی زۆری هەیە و زۆر وەرگێڕ دروست بون تەنانەت لە گەرمیانیش دا، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ژمارەی ژنان و کچانی وەرگێڕ لە دەڤەرەکەدا، زۆر کەم و سنوودارە.

هەندێک لە کچان ئاماژە بەوەدەکەن کە بۆ ئەوەی ببن بە وەرگێڕ، پاڵپشتیەکی ئەوتۆیان نییە.

کانی محەمەد، ٢٧ ساڵ، دەرچوی زانکۆ، ئاماژە بەوەدەکات کە وەرگێڕان هەر ئەوە نیە زمان بزانیت و دەست بکەی بە وەرگێڕانی وشە بە وشە، بەڵکو ئامانەتە لە گواستنەوەی مەبەست و مانای نوسەر.

باس لەوەش دەکات ئەم پرۆسە وردە، پێویستی بە شارەزابون هەیە لە کەلتور و زمانی ئەو دەقەی لێی وەردەگێڕی و ئەو دەقەیشی کە بۆی وەردەگێڕی، بۆ ئەم مەبەستەش پێیوایە دەرفەتی ژنان لەم رووەوە کەمە.

هەندێکی دیکە لە کچان ئاماژە بەوەدەکەن نەک دەرفەتیان بۆ نارەخسێنرێت، بەڵکو رێگریشیان لێدەکرێت.

ئالان محەمەد، ٢٦ ساڵ، دەرچوی زانکۆ، باس لە سەربوردەی خۆی دەکات لەو روەوە: «کە خوێندکاربوم لە قۆناغی ئامادەیی حەز و ئارەزوم لە وەرگێران بو، کورتە چیرۆکم وەردەگێڕا و ویستم لەو بوارەدا کار بکەم، بەڵام رێگریم لێکرا و ئەو حەزەم لە ناخم دا خنکاند».

هەندێکی تریش لە کچان بۆیە لەو بوارەوە دورن، چونکە دەرفەتی کاریان بۆ فەراهەم ناکات.

ئەڤین نەجمەدین، ٢٢ ساڵ، دەرچوی زانکۆ، دەڵێت: «بە داخەوە هەلی کار لە بواری وەرگێڕان دا کەمە و بە زەحمەت دەست دەکەوێت».

سێوە مەجید، ٢٢ ساڵ، خوێندکاری زانکۆ، ئاماژە بەوەدەکات کە توانا و بەهرەی وەرگێڕان لە خۆی دا بەدیی دەکات و دەیەوێت دوای تەواو بونی زانکۆ، کاری وەرگێڕانی فیلم و چیرۆک بکات، بەڵام دودڵە لەوەی «نازانم لەم بوارەدا هەلم بۆ دەڕەخسێت یان نا؟».

> به داخەوە هەلی کار لە بواری وەرگێڕان دا کەمە

لەبەرامبەردا، کچانێکی دیکە هەن کە وەرگێڕان دەکەن، ئۆباڵەکەی دەخەنە ئەستۆی خودی کچان و پێیانوایە ئەگەر ئەوان بیانەوێت، رێگریەکان ئەوەندە کاریگەر نین.

سارا رەحمان، سەرباری ئەوەی خوێندکاری ماستەرە، هاوکات وەکو کارێکی لاوەکیش وەرگێڕانی کردوە. دەڵێت: «پێموایە ژنان ئەگەر بیانەوێت ببنە وەرگێڕ، ئەوا دەتوانن».

> ژنان ئەگەر بیانەوێت ببنە وەرگێڕ، ئەوا دەتوانن

ئەژین باجەلان، کە یەکێکە لە کچە وەرگێڕە دیارەکانی گەرمیان و لەزۆر بڵاوکراوە و پێگەی ئیلیکترۆنی دا وەرگێڕانەکانی بڵاو دەکاتەوە، هاوڕایە لەگەڵ بۆچونەکەی (سارا) دا.

وتی: «ئەگەر کچان خۆیان حەزیان لە وەرگێڕان بێت و زمانی تر بزانن و شارەزای بنەماکانی وەرگێڕان بن و شارەزایەکی باشیان بێت لەو بوارەی کە دەیانەوێت وەرگێڕانی بۆ بکەن، ئەوە وەرگێڕان باشترین پیشەیە بۆیان».

گۆڤاری ئیلیان، گۆڤارێکی تایبەتمەندە بە وەرگێڕانی چیرۆکی ئەدەبی کە کۆمەڵێک وەرگێڕ و نوسەر و خوێنەری گەرمیان دەیبەن بەڕێوە، سەرنوسەرەکەی لەبارەی کەمیی بەشداری و بونی وەرگێڕی ژنەوە، کۆمەڵ و کەلتور بەهۆکار دەزانێت.

هەژار فەقێ سلێمان، بۆ (نەوژین) دەڵێت: بەهۆی کولتور و ئاین و ئەو بوارە کۆمەڵایەتیی و خێزانیی و پەروەردەییانەی کە کۆمەڵ ئاراستە دەکەن، ژنان لە بواری وەرگێڕانیش دا وەک بوارەکانی دیکە ژمارەیان کەم و رۆڵیان سنوردارە.

پێشیوایە «ئەگەر کچان و ژنان فەزایەکی ئازادیان پێ بدرێت، وەرگێڕگەلێکی بەتوانا دێنە نێو بوارەکەوە».

سەرنوسەری گۆڤاری (ئیلیان)، پێشیوایە کە سەرباری کەمییان، بەڵام ژنانی وەرگێڕی کورد توانیویانە جێگەی دەستیان دیاریی بکەن، بۆ ئەمەش (چۆمان هەردی) بە نمونە دێنێتەوە کە ساڵی پار خەڵاتی قەڵەمی بۆ وەرگێڕان لە بەریتانیا پێبەخشراوە.

مامۆستایەکی زانکۆی گەرمیان، رایەکی دیکەی هەیە و پێیوایە ژنان کەمتر خۆیان لەو بوارانە دەدەن کە ئالەنگاریی تیایە.

ملکۆ ئەحمەد، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «ژن بەسروشت حەزی لەو کار و پیشانەیە کە نزیکن لە پەروەدەکاریی و ئیشی دەستی و جوانکاری و رازاندنەوە، مەرجیش نیە لە گشت ژینگەیەکدا ئەم بۆچونە راست بێت».

ئەو کە وانەی وەرگێڕان لە کۆلێژەکەی دا دەڵێتەوە، ئاماژە بەوەدەکات ساڵی پار لە کۆی ٤٧ خوێندکاری گروپێک دا کە ٤٠یان مێ بون، تەنها یەک کچ توانیویەتی تێکەڵ بەدنیای وەرگێڕان ببێت.

---

# هەیفا زەنگەنە.. ئەو ژنەی ئازار و هیوا پێکەوە کۆدەکاتەوە



■ نەوژین، ئاشتی کەمال

**ئەو بەتەنیا گەورە ئەدیبێکی عێراقی، یان یەکێک لە وەفادارترین تێکۆشەرانی ئازادیی ئەو نیشتمانە نییە، بە تەنها چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی وئامادە باشێکیی هەمو کێشەکانی وڵاتەکەی نییە، بەڵکو ئەو لە سەروی ئەمانەوە، یەکێکە لە روخسارە دیارەکانی عێراق، ئەو لەکاتێکدا تابلۆی ئازارەکانی عێراق وێنا دەکات و ناونیشانی تاڵیەکانی بەرجەستە دەکات، لەهەمان کاتیش دا سرودی هیوا دەچڕێت.**

> ئەو یەکێکە لە روخسارە دیارەکانی عێراق

بەم دەربڕینەی سەرەوە، پێگەی «ئی کوتب»ی عەرەبی، وەسفی (هەیفا زەنگەنە) دەکات. ئەو ژنێکە ساڵانێکە لەرێگەی نوسین بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیی، ئامادەگیی هەیە لە پرس و بابەتەکانی پەیوەست بە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان.

هەیفا زەنگەنە، لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٠ی شاری بەغدایە. نوسەر و رۆماننوسێکی بە رەگەز کوردە، جارجاریش کاتێک نە نوسین و نە رۆمان کۆمەکی ناکەن، ئەوا بە فڵچەکەی دەستی تابلۆ دەکێشێت و کۆڕانەکانی خۆی و دەوروبەری رەنگ دەکات.

لەو شارەی لێوەی هاتوەتە دونیاوە زانکۆی تەواو کردوە و ساڵی ١٩٧٤ بڕوانامەی دەرمانسازیی بەدەستهێناوە. پێش دەرچونی لە زانکۆ، بە راڕەوە تاریک و تۆقێنەرەکانی زیندان دا گوزەری کردوە، وەک ئەوەی قەدەری هەمو ئازادیخوازان و داهێنەرانی عێراق وەها بوبێت، کە یان دەبێت تاڵاوی زیندان بچێژن، یان پەڕاگەندەی وڵاتان بن.

پاش دەرچونی لە زانکۆ، گەشتی بۆ سوریا و لوبنان کردوە و لە رێخراوێکی فەڵەستینی ئیشی بەڕێوەبەری یەکەی دەرمانسازیی کردوە. دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ چوەتە بەریتانیا.

ئێستا نوسەرە لە چەندین رۆژنامە و گۆڤاری عەرەبی و ئینگلیزی، هەروەها بەشداری دەکات لەو پێشانگایانەی کە پەیوەندییان بە وڵاتەکەیەوە هەیە.

ئەو تاوێک وەکو نوسەر دەردەکەوێت، تاوێکیش وەکو رۆماننوس، ساتێک وانەبێژ دەبێت و ساتێکی تر خۆپیشاندەر، دەمێک قسەکەر و زۆر دەمی تریش گوێگر، هەمو ئەمانەش لە خەمی ئازادیی دا دەکات.

ئەزمونی ئەو لە کۆڕانەکانی ژیانی خۆی و هاونیشتمانیەکانی، هەروەها ئەو ئاوارەیەی بینیویەتی و ئەو تێکەڵیەی هەیبوە لەگەڵ دۆزی فەڵەستین دا، کۆمەکی کردوە بەوەی ئاسۆی نوسینەکانی فراوانتر بێت، نەک هەر لەسەر عێراق، بەڵکو لەسەر خەمە سیاسی و جڤاکیەکانی تریش وەستاوە و دەوەستێت.

(هەیفا) ئەگەرچی کوردە، بەڵام بەوهۆیەی بە زمانی عەرەبی خوێندویەتی و ژینگەکەی دابڕاو بوە لە ئاشنابون و پێگەیشتن بە ئەدەبیاتی کوردیی، بۆیە بە کوردیی نانوسێت، رەنگە هەر ئەمەش هۆکار بێت بۆ ئەوەی لە کوردستان دا ناسراویی ئەو سنودار بێت. بەڵام ئەمە واینەکردوە دابڕاو بێت لە ئازاری میلەتەکەی، بەڵکو رۆمانەکەی بەناوی «هەڵەبجە»، یەکێک لە سەرەتاییترین ئەو تێکستە ئەدەبیانەن کە باس لە کۆڕانی گەلی کوردستان دەکەن.

ئەو زۆر نوسین و بەرهەمی چاپکراوی هەیە، لێرەدا هەندێکی دەخەینە رو:

- هەڵەبجە، ١٩٨٩
- ماڵی مێروله ١٩٩٦
- دور تر لەوەی کە دەبینین ١٩٩٧
- شتێکی تر و هەندێک چیرۆک ١٩٩٩
- کلیلەکانی شار ٢٠٠٠
- لە هەیوانی یادەوە ٢٠٠٦

# ئەو کچانەی بە منداڵی بە شو دراون: ئێمە کردمان ئێوە مەیکەن

■ هاوژین مەهدی و ئەژین مەهدی

**«وامزانی هاوسەرگیری هەر بەدلە و بازاڕ و شتکڕین و هەڵپەڕکێ و ئاهەنگە، نەمزانی ژیانی گەنجێتیم لێدەسێنێتەوە و لە خوێندن و هاوڕێکانم دامدەبڕێت». ئەمە قسەی (لاڤە)یە، ژنێکە کە لە تەمەنی ١٦ ساڵی دا هاوسەرگیریی کردوە.**

لاڤە، بەرجەستەکردنی چیرۆکی ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانە، ئەوانەی هاوسەرگیری پێشوەختە دەکەن یان پێیان دەکرێت، ئەویش کاتێک بەر لەوەی تەمەنیان بگات بە ١٨ ساڵ کە تەمەنی پێگەیشتن و کامڵ بونە، دەچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە و دواتر روبەڕوی پەشیمانی و کێشەی کۆمەڵایەتیی و دەرونیی دەبنەوە.

لاڤە، کە ناوی ئەو و تەواوی ژنانی دیکەی نێو ئەم راپۆرتە خوازراوە، وەکو یەکێک لە «قوربانیانی» ئەو هاوسەرگیرییە قسەی بۆ کردین، ئێستا تەمەنی ٢٧ ساڵە، ١١ ساڵ پێشتر بە کوڕێک دراوە.

وتی: «پێشتر لە ژیانمدا ئەم کوڕەم نەبینی بو و هیچ خۆشم نەدەویست و سەروی ١٥ ساڵ لەخۆم گەورەتر بو، باوکم وتی من پێم باشە شوی پێبکەی، منیش لەخۆمەوە وتم باشە».

بەهەمان شێوەی (لاڤە)، (ڤیان)یش بەهۆی خێزانەکەیەوە لە تەمەنی ١٦ ساڵی دا شویکردوە.

ئەو ئێستا تەمەنی ٢٤ ساڵە، وتی: «تەنها خۆم بڕیارم نەداوە، بەڵکو ماڵەوەش دەیانویست شو بکەم، من حەزم دەکرد خوێندن تەواو بکەم، بێگومان ئەوەش لەگەڵ هاوسەرگیریی دا قورسە».

ئەگەر هەندێک لە کچان بۆ شوکردنی پێشوەخت لەلایەن خێزان و بەتایبەت باوک و براوە ناچار بکرێن، ئەوا هەندێکی تریان بەهۆی نەبونی باوک و براوە پەنا بۆ ئەو هاوسەرگیرییە دەبەن.

> بە قسەی دەروبەر هەڵمەخەڵەتێن و لەتەمەنێکی کەمدا هاوسەرگیری مەکەن



کانی، ژنێکی تەمەن ٢٣ ساڵە و لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا هاوسەرگیری کردوە. بۆ (نەوژین) دەڵێت: «من باوک و برام نەبو، بۆیە دایکم وتی تاخۆم لەژیانم با بەشوی بدەم، منیش بەدڵم بو و رازی بوم و پێموابو لە پێش هاوسەرگیری ئازاد تر دەبم لە چونەدەرەوە و هەروەها دەتوانمیش خوێندن تەواو بکەم».

ئەگەر هۆکاری بەشێک لە شوکردنی کچان لەتەمەنێکی منداڵی دا ناچارکردن یان پێشنیازی خێزانەکانیان بێت وەک لەوەی (لاڤە و ڤیان)دا هەیە یان بەهۆی نەبونی باوک و براوە بێت وەک لەلای (کانی) وایە، ئەوا هەندێکی تر مەبەستێکی تریان هەیە.

سروە، ژنێکی تەمەن ٢٧ ساڵە و ژنی ماڵەوەیە، دەڵێت: «لەتەمەنی ١٣ ساڵیدا هاوسەرگیریم کردوە، هۆکارەکەشی ئەوەبوە کە پێموابو ئەگەر زو زەواج بکەیت دەچیتە پەنای پیاوێک و تەرکیزی خەڵک و دەوروبەر لەسەرت کەم دەبێتەوە».

ئەگەر بەلای کچانەوە هاوسەرگیریی پێشوەختە هۆکاری خێزانیی هەبێت، ئەوا بەلای توێژەرێکی دەرونیەوە، هۆکارە سەرەکییەکە «کەمی هۆشیارییە».

سەرکۆ سیامەند، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) وتی: «پرۆسەی هاوسەرگیریی پێویستە هەردو رەگەز لە هەمو رویەکەوە بەتەواوی خۆیان ئامادە کردبێت، بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی بەختەوەریان هەبێت».

باس لەوەش دەکات کەمی ئاستی هۆشیاری و ئاشنانەبون بە پرۆسەکە یەکێکە لە کێشەکان «هاوسەرگیری کردنی کچان پێش ١٨ساڵی یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەیە خێزانەکان ئاستی هۆشاریان زۆر کەمە، زۆریش ئاشنا نین بە مانا و مەبەستی هاوسەرگیری، بۆیە کێشە روبەروی ئەو کچانە دەبێتەوە و بەرگەی پرۆسەکە ناگرن».

ئەو چوار ژنەی بۆ ئەم راپۆرتە دواندمانن، بە ئاشکرا پەشیمانیی و نیگەرانی بە روخساریانەوە دیار بو، زمانی حاڵیان رو لە کچان دەیوت: «ئەوەی ئێمە کردومانە، ئێوە مەیکەن».

کانی، قسەی دڵی دەکات بۆ ئەو کچانەی کە دەیانەوێت لە تەمەنێکی کەمدا هاوسەرگیری بکەن و دەڵێت: «بە قسەی دەروبەر هەڵمەخەڵەتێن و لەتەمەنێکی کەمدا هاوسەرگیری مەکەن، چونکە زۆر ناخۆشە و بەرپرسیارێتیە، بەشێوەیەک وەکو ئەوە وایە بڕۆیتە زیندانەوە».

سروەش راشکاو تر پێ لەسەر ئەوەدادەنێت بەوهۆیەی لەروی جەستەییەوە ئامادەنەبوە بۆ هاوسەرگیریی، بۆیە لەکاتی سەرجێیکردن دا زۆر توشی ئازار و ناخۆشیی بوەتەوە، بە رادەیەک ئەم حاڵەتە کاریکردوەتە سەر باری دەرونیی و پەیوەندیی هاوسەرییان لەگەڵ هاوسەرەکەی، بۆیە ئەویش پێشنیاز دەکات کچان لە تەمەنێکی منداڵی دا شو نەکەن.

# گەورە بە بچوک... لە رابردودا دیاردە و لەئێستادا شوێنەوار

■ نەوژین، پەیام لەتیف

**«گەورە بە بچوک» دیاردەیەک ئاشنا بەگوێی نەوەی رابردو، تاڕادەیەک نامۆ و نەخوازراو بەگوێی نەوەی ئێستادا، بەڵام شوێنەوارە خراپەکانی ئەم دیاردەیە هێشتا هەر ماون و کاریگەری قوڵی لەسەر ژنان بەجێهێشتوە.**



لە رابردودا کاتێک لەماڵێکدا کوڕێکی گەورە و کچێکی بچوکیان هەبوە، ماڵی بەرامبەریش بەپێچەوانەوە کچێکی گەورە و کوڕێکی بچوکیان هەبوە، کچ و کوڕە گەورەکە هاوسەرگیریان پێکراوە و دو بچوکەکەش کە هەندێک کات لەبێشکەشدا بون، دانراون بۆ یەکتری و بۆ ئەوەی گەورەبون هاوسەرگیریی بکەن.

کێشەی گەورە بە بچوک ئەوەیە کچان و کوڕان پابەند دەکرێن بە هاوسەرگیرییەک کە خۆیان بڕیاریان لێنەداوە، بەڵکو بە زۆر و ناچاریی دەکرێت، لەمەشیاندا زیاتر ژنان دەبنە قوربانیی.

روناک، ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن ٢٧ ساڵە، کە یەکێک لە قوربانی ئەم پرۆسەیە. بەم جۆرە چیرۆکی خۆی بۆ (نەوژین) باسدەکات: «من زۆرمناڵبوم براکەم ژنی هێنا، بەڵام نەمدەزانی کە گەورەدەبم منیان بۆ ئەوە داناوە کە بمدەن بەژن بۆ براکەم، کاتێک تەمەنم بو بە ١٥ ساڵ منیان دا بەشو بەو کوڕەی بۆم دیاریکرابو، من ناڕازی بوم، بەڵام کەس گوێی بۆ نەگرتم، پاش نزیکەی ١٠ ساڵ پێکەوەبون و بون بە خاوەنی ٢ منداڵیش، ئێمە بەردەوام کێشەمان هەبوە».

ئەو باس لەوەدەکات چەندینجار بەدەستی هاوژینەکەی لێدانی بینیوە و ژیانێکی ناخۆش و ناچاریی بەڕێکردوە، تاسەرەنجام بەیەکجاری لە هاوسەرەکەی جیادەبێتەوە، بەڵام منداڵەکانی لێدەستێنن.

گەورە بەبچوک لە رابردودا زۆرجار بەهۆی خزمایەتی و زیاتریش لە دێهاتەکاندا ئەنجامدراوە، بەڵام بەشێک لەو ژنانە هەر زو خۆیان لەو ژیانە ناخۆش و نابەدڵیە دەربازکردوە.

جەمیلە، ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن ٦٠ ساڵە، بەمنداڵی دایان ناوە بۆ کەسێکی خزمی خۆیان و داویانە بەژن بۆ براکەی، ئەو کەسەش چەندین ساڵ لەم گەورەتر بوە، وەک دەڵێت: بەتەمەنێکی منداڵی بە زۆر و لێدان منیان دا بە کوڕێکی خزممان کە من هیچ رازی نەبوم، پاش هاوسەرگیریش تەنها یەک هەفتە لای مامەوە و کاتێک بەرەوباونی هاتمەوە ئیتر نەڕۆشتمە و هەرچەند تەندوتیژیان بەرامبەرم بەکارهێنا، من رازیی نەبوم بە رۆشتنەوەم و ئیتر لێی جیابومەوە.

> ئەو کچانەی بەمشێوازە دەدرێن بە شو، هەست بە کەمیی دەکەن

گەورە بەبچوک کە دو لایەن دەگرێتەوە، زۆرجار ئەگەر یەکێک لەم لایەنانەش بێکێشە بوبێتن، بەڵام بەهۆی کێشەی لاکەی ترەوە ئەمانیش روبەڕوی کێشە بونەتەوە.

خانم، ژنێکی تەمەن ٥٣ ساڵە، وتی: منیان بەمنداڵی دانابو بۆ کوڕێکی ناسیاوی خۆمان و براکەم پێشتر کچی ئەو ماڵەی بۆ خۆی هێنابو، بەڵام منیش و ئەو کەسەش کە منیان بۆ دیاریکردبو ناڕازی بوین، بە زورلێکەری و لێدان و قسە درام بەو کەسە، بەڵام هەموی ساڵێک پێکەوە نەبوین وهیچ لەگەڵ یەکتر نەمان دەکرا، بۆیە من هاتمەوە و نەڕۆشتمەوە، دواتر ماڵی کوڕەکەش هاتن کچەکەیان بردەوە کە ئەوان لەگەڵ یەکتریش دەگونجان.

هەرچەندە ئەم دیاردەیە لەئێستادا نەماوە و خەڵکی هۆشیاربونەتەوە لەئەنجامدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە، بەڵام شوێنەوار و کاریگەرییەکانی هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

هاوار کەریم، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) وتی: «ئەو کچانەی کە ئەدرێن بە شو بەمشێوازە هاوسەرگیرییە، لە روی دەرونییەوە هەست بە کەمی دەکەن بەرامبەر بە هاوڕێکانیان کە ژیانێکی شایستەتر دەژین، ئەم کاریگەرییە خراپەش بەدرێژایی تەمەنی ئەو خێزانە و نەوەکانی دەمێنێتەوە و دەبێتە هۆی باوەڕبەخۆنەبون و لاوازی لای منداڵەکانیان».

لەئێستادا بەپێی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١)ی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی، ئەم جۆرە هاوسەرگیریە قەدەغەکراوە و بەتاوان هەژمار دەکرێت.

لەمیعە محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوی توندوتیژی دژ بە ژنان لە گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: «هەر کەسێک ئەو جۆرە هاوسەرگیریەی بەسەردا سەپێنرابێت، لە ئێستا دەتوانێت بە پێی ئەم یاسایە رەتی بکاتەوە».

وتیشی: ئەم پرسە کە پێشتر لە کۆمەڵگای کوردی بە زۆری ئەنجام دەدرا و بە تایبەتیش لە گەرمیان، ئێستا کەم بوەتەوە یان هەر نەماوە، ئەوەی ماوەتەوە ئاسەواری ئەو جۆرە هاوسەرگیریەیە بەتایبەت لە سەر ژنان.



# سەدان ( شەهرەزاد ) لەگەڵمان دەژین

▪ ئاسیا حسێن

**(شەهرەزاد)، ژیانی پڕ لە مەینەتی ژنانی کورد لە ساڵانی رابردودا دەنوێنێت. ساڵانێکی نە چەندان دوری پێش ئێستا، وەکو شەهرەزاد پیشانمان دەدات، کچ وەکو بوکەشوشەیەکی بێ روح و بێ هەست بڕیاری بۆ دەدرا و هەرگیز بۆ بڕیاردان لە بارەی ژیانیەوە، راوێژی پێ نەدەکرا. تەنانەت بڕیاری هاوسەرگیری کە تەنها پێوەندی بە ژیانی کچەکە خۆیەوە هەبو، بە بێ ویست و ئاگاداری کچەکە بەڕێوە دەچو و ئەویش هەرچەندە ناڕازی با، نەیدەتوانی کارێک بکات و شتێک بگۆڕێت. بۆیە هەروا بێدەنگ دادەنیشت و لەگەڵ داهاتوی داڕێژراو بۆی، خۆی دەگونجاند.**

لەگەڵ ئەوەی ئەم داستانە تازە نییە و لە چەندین درامای تورکی و کوردی و ئێرانی تردا باسکراوە، بەڵام هیچیان وەکو درامای (شەهرەزاد) دەنگدانەوەی نەبوە.

درامای (شەهرەزاد)ی ئێرانی لەماوەی یەک دوو ساڵی رابردودا سێ بەشی بەرهەمهێنرا و ئەکتەری لێهاتو (ترانە عەلیدوستی)رۆڵی (شەهرزاد)دەگێڕێت. باس لە ژیانی کچێکی گەنج و خوێنەوار دەکات، کە ئەگەرچی دەستنیشانیش کراوە بۆ خۆشەویستەکەی، بەڵام بەهۆی بڕیارێکی لەناکاوی دەسەڵاتداری ناوچەکە، شەهرەزاد لە دەستگیرانی خۆی جیادەکرێتەوە. پاشان وەکو هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانی کوڕێک بۆ بنەماڵی پادشای ناوچەکە، بە زۆر بەشو دەدرێتەوە. دوای بە دونیا هێنانی کوڕەکە، وەکو دەستەسڕێکی بێ کەڵک و بەکارهاتو فڕێ دەدرێت و لە کوڕ و هاوسەر جیادەکرێتەوە.

لە دوتوێی درامایەکدا، شەهرەزاد داستانی هەزاران کچ نمایش دەکات کە ساڵانی پێشو تر بەبێ ویست و ئاگاداری خۆیان، دوای رێککەوتنی چەند گەورەترێک، ناچار بە زەواجێک دەکران کە هیچ پێیان خۆش نەبوە و هیچ پێی رازی نەبون. ئەو ژنانە، تەنانەت دوای سی چل ساڵ لە هاوسەرگیری، هێشتاش بە ژیانیان رازی نین و گەردنی ئەوانە ئازاد ناکەن کە بە هاوسەرگیریەکی شکست خواردو، ژیانی ئەوانیان تێکدا.

شەهرزاد، تەنانەت دوای جیاکردنەوەی لەو کوڕەی کە لەناخی دڵەوە خۆشی دەویست، هێشتاش بە هاوسەرگیرییە زۆرە ملێکەی ئومێدی ژیان بەرنادات و خۆی لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەگونجێنێت. هەمان شێوەی ئەو ژنانەی کە دوای هاوسەرگیریەکی زۆرە ملی، دەتوانن تەنانەت بۆ سی چل ساڵ و تا کۆتایی تەمەنیش، ئەو بارە مەینەتییە رابکێشن و لەژێریدا ماندو، بەڵام بێ هیوا نەبن.

شەهرەزادی لاو، هەرکە مناڵەکەی لەدایک دەبێت و ئیتر هیچ سودێکی نامێنێت بۆ ئەو خێزانەی کە ئەویان تەنها بۆ بەدونیا هێنانی کوڕێک دەویست، هەر زو وەکو گوڵێکی سیس فڕێ دەدرێتە دەرەوە و حەسرەتی بینینی کوڕە تاقانەکەی لە دڵی دا دەمێنێتەوە.

کۆمەڵگای کوردی ئێستا پڕە لەو خێزانانەی کە دایکەکە وەکو بوکەشوشەیەکی بێ دڵ و دەرون، هێنراوە بۆ ئاهەنگی مارەبڕینی خۆی و هەر لەگەڵ حەلاڵبونی لەگەڵ مێردەکەیدا، چرای هیوای بە ژیان کز بوە، بەڵام بە بەهێزیی و ژن بونی خۆیەوە نەیهێشتوە تا کۆتایی تەمەنی بکوژێتەوە.

ئێمە خاوەن سەدان شەهرەزادین، کە بە وتەی شەهرەزاد «حەلاڵی دادگا و شەرعن، بەڵام دڵیان حەلاڵی یەک نیە». خاوەن سەدان ژنی دڵشکاوین کە تەنانەت لە هەڵبژاردنی هاوسەری داهاتوی خۆیشیاندا، نەیانتوانی یەک وشە بڵێن. شەهرەزاد ئاسا بەخۆیان وت: «هەمیشە بەو شێوەیە نابێت کە ئێمە دەمانەوێت».

ئەگەر درامای شەهرەزاد بۆ هەر نەتەوەیەکی تر تەنها درامایەکی سەرنجڕاکێش بێت، ئەوا بۆ ژنی کورد راستییەکە کە لەگەڵیدا ژیاوین و لەنزیکەوە لەمسمان کردوە. لە هەر گەڕەکێکی ئەم نیشتمانەدا، ژنێک هەیە کە چەندین ساڵە لەگەڵ هاوسەرێکدا دەژێت کە نە خۆشی دەوێت و نە بەویستی خۆی هاتۆتە نێو ژیانیەوە. ئەم ژنانە چیان پێ دەکرێت جگە لەوەی بژین و رازی بن بەوەی دێتە پێش؟

> خاوەن سەدان ژنی دڵشکاوین، نەیانتوانی یەک وشە بڵێن

> شەهرەزاد بۆ ژنی کورد راستییەکە کە لەگەڵیدا ژیاوین



# دڵپیسی...
# نەخۆشیە یان کێشە؟



▪ دێرین عومەر

**دڵپیسی یەکێکە لەو سیفەتانەی کە لە هەندێک لە مرۆڤەکاندا بەدیی دەکرێت، ئەگەرچی ئەم سیفەتە لە ژن و پیاویش دا وەکو یەک بونی هەیە، بەڵام بەهۆکارە کۆمەڵایەتییەکە، وادەکات کاردانەوەکانی لەسەر ژنان زۆرتر بێت.**

توێژینەوەکان لەبارەی ئەم حاڵەتەوە زۆرن، هەندێکیان وەکو کێشە و هەندێکی تریشیان وەکو نەخۆشی دەستنیشانیان کردوە، بەڵام پرسیارە سەرەکیەکە ئەوەیە: ئایا سەرچاوەی دڵپیسی چییە؟ ئەم حاڵەتە چۆن و بۆ دروست دەبێت؟ ئایا ئەمە شتێکە و لە ناخدا هەیە، یان بە تێپەڕینی کات دروست دەبێت؟

لێکدانەوەکان بۆ ئەم حاڵەتە زۆرن، بەڵام ئەوەی بنەڕەتییە، ئەوەیە بە زۆریی دڵپیسی لەو کەسانە دەکرێت کە لێتەوە نزیکن یان خۆشت دەوێن یان کەسی خۆتن، هۆکاری سەرەکی ئەمەش ترسی لەدەستدانە کە وادەکات هەر کەس نزیک ببێتەوە لێیان، تۆ وەکو بەرگریەکی ناوەکیی، دڵپیسی دەکەیت و وا بیردەکەیتەوە کە دەیانەوێت ئەو کەسەت لێ ببەن یان زیانێکی پێبگەیەنن یان خاوەندارێتیەکەیت لێ بستێننەوە.

هەروەها دڵپیسی هەندێکجار خەیاڵکردنی خراپ یان نابەجێیە، بەشێوەیەک کەسەکان بیر دەکەنەوە بەرامبەرەکەیان ئەگەر ئەو یان کەسی نزیکی لەگەڵ نەبێت، ئەوا لەوانەیە «کاری نەشیاو» بکات یان رەفتارێک بکات کە ئەم بەدڵی نییە یان سەردانی جێگەیەک بکات کە پێشتر لێی قەدەغەکراوە، یاخود کەسانێک دەبینێت کە ئەم پێیان خۆشحاڵ نییە.

بەرای من بنەمای سەرەکی ئەم تێڕوانین و خەیاڵانەی کە دەبنە هۆی دڵپیسی، بێ متمانەییە، ئەویش کاتێک کەسێک متمانەی تەواوی بە بەرامبەرەکەی نییە، ئەوا دڵی لێ پیس دەکات و ناتوانێت دەرفەتی بدات بە تەنیا بە هەندێک کاروبار هەستێت. بۆنمونە کەسێک کە متمانەی بە هاوسەرەکەی نییە، کاتێک ئەو لەگەڵ کەسێک مامەڵە و رەفتار دەکات، ئەوا بەهۆی ئەم نەبونی متمانەوە، خەیاڵی شتگەلێکی بۆ دەکات کە بەلای زۆرەوە رەنگە بونی نەبێت و بەتەنیا خەیاڵ بێت.

کێشەی دڵپیسی ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی وەکو نەخۆشی وایە، کەسی توش بو هەم ژیانی خۆی و هەمیش هی چواردەوری تێکدەچێت و بیری خۆی ئاڵۆز دەکات بە شتگەلێک کە رەنگە راست نەبن.

هەروەها لەم چەند ساڵەی دوایی دا کێشەی نێوان هاوسەران بەهۆی ئەم حاڵەتەوە، سەری کێشاوە بۆ زۆر بار و حاڵەتی نەخوازراوی تر، ئەمە سەرباری ئەوەی ئاشتەوایی خێزانەکانی خستوەتە مەترسییەوە و بوەتە هۆی لێدان و توندوتیژی جەستەیی و مەعنەویی، هەروەها بەشێکی بەرچاو لە ئازادیەکانی تاکەکان بەتایبەت ژنان بەهۆی ئەم حاڵەتەوە نەهێڵراون، لەنمونەی رێگەنەدان بە دەرچون و خوێندن و ناچارکردنیان بەمانەوە لەماڵەوە، یاخود وەرگرتنەوەی مۆبایل و کەرەستەکانی دیکە لێیان.

ئەمانەش وادەکەن ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەی کە بڕیارە بنەماکەی رێز و متمانە و خۆشەویستی بێت لەنێوان تاکەکانی خێزان و بەتایبەت هاوسەران، لاواز بن و بگەنە ئاستی نەمان، کە ئەم پەیوەندیانەش بەو حاڵە گەیشتن، ئەوا بێگومان بونی خێزان گرنگیی خۆی لەدەستدەدات و لەبری ئەوەی کەپرێک بێت بۆ شادیی، دەبێتە زیندانێکی کۆمەڵایەتیی.

ئەوەی گرنگە بۆ خێزانەکان، پێویستە چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت، ئەویش سەرەتا پێویستە پەنجە بخرێتە سەر ئەو خاڵەی کە زۆر قوڵبوەتەوە، پاشان هەنگاو بەهەنگاو چارە بکرێت. هەنگاوی یەکەمیش ئەوەیە کە کەسەکە متمانە بە بەرامبەرەکەی بکات و خۆی لەو بیرکردنەوە و خەیاڵانە بەدور بگرێت کە گومان لەسەر رەفتاری بەرامبەرەکەی دروست دەکەن.

هەروەک لەبری دڵپیسی کردن، هەوڵبدە قسە لەگەڵ بەرامبەرەکەت دا بکە و لەو گومان و تێڕوانینەی کە هەتە، بە راشکاویی ئاگاداری بکەرەوە، بۆ ئەوەی ئەم گومانانە کەڵەکە نەبن و ئاگر لەو خەرمانی ژیانە بەر بدات کە ساڵەهایە بۆ پێکەوەنانی تێدەکۆشن.

> ئەو تێڕوانین و خەیاڵانەی دەبنە هۆی دڵپیسی، بێ متمانەییە

# هەمو شتێک لەبارەی بۆتۆکس و فیلەرەوە

## پزیشکێکی پسپۆڕ رونکردنەوە و زانیاریی دەدات

▪ نەوژین، سوزان خەلیل

**بۆتۆکس و فیلەر، دو لە دیارترین ئەو جوانکاریانەن کە ژنانی گەرمیان رویان لێناوە، ئەویش بەمەبەستی سەرنجڕاکێشترکردنی پێستی روخساریان.**



د. چێنەر یاسین، پزیشکی نەخۆشیەکانی پێست و جوانکاری و لەیزەر، لەمیانەی دیدارێکی (نەوژین) دا، تیشک دەخاتە سەر ئەم دو جۆرەی جوانکاریی و وردەکاریی و کاریگەریی و سود و زیانەکانی باس دەکات.

* سەرەتا بابزانین بۆتۆکس و فیلەر چین و چۆن ئەنجام دەدرێن؟
بۆتۆکس، مادەیەکە کە بەکاردەهێنرێت بۆ جوانکاری دەموچاو، زیاتر بۆ چارەکردنی چرچ و لۆچی پێستی روخسارە. ئەویش لەرێگەی دەرزییەوە کە دەدرێت لە ماسولکەکانی ئەو شوێنەی دەتەوێت جوانکاریی بۆ بکەیت کە بۆ ماوەی ٦ مانگ کار دەکات.
هەرچی سلیکۆن یان فیلەرە، ئەوە رێگەیەکە بۆ گەورەکردنی قەبارەی دەموچاو، هەندێک کەس هەیە حەز دەکات لێوی گەورە بکات یان بچوکی بکات، لەرێگەی مادەی تایبەتەوە و لەرێگەی دەرزیەوە بۆی ئەنجام دەدرێت.
بۆتۆکس زیاتر بۆ سەرەوەی روخسارە، فیلەریش بۆ ناوەڕاست و خوارەوەی روخسار.
* واتا هەردو پرۆسەکە لەرێگەی دەرزیەوە ئەنجام دەدرێت و نەشتەرگەریی نییە؟
نەخێر هەردوکیان لە رێگەی لێدانی دەرزییەوە دەکرێت و سڕکردنی سنوردار «بنج موضوعی» بۆ بەکاردێت.
* جگە لە لایەنە جوانکارییەکە، ئایا ئەم دو شێوازە سودی دیکەی تەندروستیان هەیە؟
سودەکانی بەزۆری هەر بۆ جوانکاری و ساف و سەرنجڕاکێشکردنی روخسارە.
* ئەی زیانەکانی چین؟
زیانەکانی تائێستا تۆمار نەکراوە بە رونی کە چییە یان دەبێتە هۆی چ نەخۆشی و کێشەیەکی تەندروستی، بەتایبەت ئەگەر بێت و نەخۆشەکە هەستیاریی «حساسیت» نەبێت و لە ژورێکی پاک و تەمیز دا پرۆسەکەی بۆ ئەنجام بدرێت کە لە بەکتریا پارێزراو بێت و هەو نەکات.
* ئەم دو رێگەیە، ئایا هەر بە یەک جۆر و شێواز ئەنجام دەدرێن یان جۆرەکانیان جیاوازە؟
جۆرەکانی زۆرن بە پێی زۆریی کۆمپانیاکان، واتا جۆرەکان بەناوی کۆمپانیاکانەوەن، ئیتر هەر بەرهەمە و تایبەتمەندی و کوالێتی خۆی هەیە و ناتوانین ئێستا ناویان بهێنین بڵێین کامەی باشترە.
* باس لەوە ئەکرێت بەهۆی گەرما و کەشوهەوای لای خۆمانەوە بۆتۆکس و جوانکاریەکانی تر سەرکەوتو نابێت، ئایا ئەمە تا چەند راستە؟
نەخێر، ئەو بۆچونە ئەسڵی نییە و راست نییە.
* تا چەند مەترسی هەیە ئەم جوانکاریە سەر بکێشێت بۆ توشبون بە هەستیاریی و کێشە لە پێستدا؟
بەراستی ناتوانرێت لەو روەوە رێژە و کاریگەرییەکەی بە وردیی دیاری بکرێت.
* تەمەن چەند رۆڵی هەیە بۆ سەرکەوتنی ئەم جوانکاریانە؟ زیاتر لە تەمەنی چەند بۆ چەند سەرکەوتوە؟
بەلایەنی کەم ئەبێت کەسەکە ١٨ ساڵی تەواو کردبێت، چونکە تا تەمەنی ١٨ ساڵیی پێست لە گەشەدایە. بە زۆریش پرۆسەکە لە تەمەنی ٢٥ بۆ ٣٥ ساڵی ئەنجام دەدرێت.
* لەدوای ئەوەی ئەم جوانکاریانە دەکرێت هیچ شوێنەوارێک بەسەر دەموچاوەوە دەمێنێت؟
نەخێر، کە ئیشەکەمان تەواو بو هیچ شوێنەوارێکی بەجێ نامێنێت.
* ماوەی مانەوەی چەندە؟
ماوەی مانەوەی ئەم جوانکاریانە هەتا ٦ مانگە.
* هەندێک لە ژنان چەوری لەشی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ ئەم جوانکاریانە، ئایا ئەمە باشترە یاخود ئەو مادانەی دەکرێتە روخساریانەوە؟
چەوریەکە باشترە، چونکە ئەگەری توشبون بە نەخۆشی و هەستیاریی کەمترە، بەوپێیەی چەوریەکە هی لەشی خۆیەتی، هەروەک مانەوەشی لەروی کاتەوە درێژخایەن ترە.
* تاچەند ئێستا ژنان خواستیان لەسەر ئەم جوانکاریانە زیادی کردوە؟
- رێژەکەی دیاری ناکرێت، بەڵام بەشێکی زۆر لە ئافرەتان سەریان تێکردوە.
* رێنمایت چیە بۆ ئەو ژنانەی ئەم جوانکاریە دەکەن؟ خۆیان دور بگرن لە چی؟
ژن دەبێت بەتایبەت لە ٢٤ کاتژمێری یەکەمدا شوێنی بۆتۆکس و فیلەرەکە تەڕ نەکا و بیپارێزێت، هەروەک نابێت سەر دانەوێنێت و نابێت بە دەم دا بخەوێت. دوای ئەوەی هەمو شت ئاسایی دەبێتەوە و جوانکاریەکەش جێی خۆی دەگرێت.

---

# پێگەیشتنی «بالغبون» کچان، نیشانە و گۆڕانکارییەکانی

▪ نەوژین، ئامینە محەمەد

**پێگەیشتن کە لەناو کۆمەڵدا زۆرتر دەستەواژە عەرەبیەکەی بەکاردێت کە بالغبونە، قۆناغێکی گرنگ و هەستیاری تەمەنی هەمو کچێکە، بەتایبەت کە زۆر گۆڕانکاریی لەروی جەستەیی و دەرونی کچان دا دێنێتە ئاراوە.**



لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین وردەکاریەکانی ئەم قۆناغە لەروی زانستییەوە شی بکەینەوە.

### بالغبون چییە؟

دوای ئەوەی منداڵ دەیەکی تەمەنی تەواو دەکات دەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو، ئینجا پرۆسەی بالغبون دەست پێدەکات، کەبریتیە لە دەرکەوتنی گۆڕانکاری لەبەشێک لە جەستەی مرۆڤ، کاتەکەشی لەکچاندا لە تەمەنی (٩ بۆ١٦) ساڵییەوە دەست پێدەکات، هەروەها لە کچێکەوە بۆ کچێکی دیکە جیاوازە لە روی تەمەن و نیشانە و شوێنی نیشتەجێ بونەوە.
دەردانی هۆرمۆنە سێکسییەکان فاکتەری سەرەکی بالغبونن لە نێوان کچاندا، بەشێوەیەک گۆڕانکاری لە روی ئەقڵ و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دەرککردن بە سێکس، ئەمە جگە لە هەست کردن بە هەستە دەرونیەکان، وەک بیرکردنەوە لە خۆشەویستی.
لەبەر ئەوەی بالغبون قۆناغ و وەرچەرخانێکی زۆر گرنگە، زانین و کاتی نیشانەکانی شتێکی زۆر پێویستە. بۆ ئەوەی ئەوکاتە گرنگە بزانین و حسابی خۆی بۆ بکەین، چەند نیشانەیەکی دەخەینەڕو.

### نیشانەکانی

لەگەڵ ئەوەی وادەی دەرکەوتنی ئەو نیشانانەی بالغبون لە کچاندا جیاوازە لەگەڵ یەکتر، بەڵام چەند نیشانەیەکی گشتی هەیە لە هەمو کچاندا رو دەدات:
١. سوڕی مانگانە: گرنگترین نیشانەیە لە بالغبونی کچاندا، بۆیە لەسەر دایک پێویستە کچەکەی بۆ ئەو قۆناغە ئامادە بکات و بۆی رون بکاتەوە کە چی ەو بۆچی رودەدات و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات.
سوڕی مانگانە بۆ کچان ئەگەر هۆشیاریەکی ئەوتۆیان نەبێت توشی شۆکیان دەکات، چونکە کچان بەو هۆیەوە هەست بە ئازار لە ناوچەی زێ و پشت و سکیان دەکەن، بۆیە لەسەر دایکان پێویستە یارمەتیان بدەن. جێگیربونی سوڕەکەش دو ساڵی پێویستە.
٢. هاتنە دەرەوەی مادەی دەردراو لەزێ: بەهۆی چالاکبونی هۆرمۆنی ئیسترۆجین لە قۆناغی باڵغبون دا، هانی منداڵدان و زێ دەدات بۆ پێگەیشتن وئەو مادانەی لێ دێتە دەرەوە.
٣. دەرکەوتنی مەمک: لەپاڵ سوڕی مانگانە دا گۆڕانکاری بەسەر شێوەی دەرەوەی کچدا دێت، لەوانە دروست بونی مەمکەکان بەهۆی کۆبونەوەی چەوری و ئەویش دوای دو ساڵ تەواو دروست دەبێت و قەبارە و کاتی دروستبونیشی لە کچێکەوە بۆ کچێکی دیکە دەگۆڕێت.
٣. گەشەکردنی مو: لەچەند شوێنێکی جەستەدا وەک: ناوچەی بنباڵ و ناوچەی هەستیاری زاوزێی مێینە مو دروست دەبێت، تەنانەت هەندێکجار مو لەسەر باسک و پێیەکانیش دەڕوێت.
٥. فراوان بونی ئێسکی حەوز: لەگەڵ پێگەیشتنی کچ دا ئێسکی حەوزیش فراوان دەبێت، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ سکپڕبون و منداڵ بون لە داهاتودا.
٦. دەرکەوتنی زیپکەی گەنجایەتی: لەکاتی بالغبون زیپکەی گەنجایەتی بە دەموچاوی کچەکە دەردەکەوێت، کەبەهۆی زیادبونی چالاکی هۆرمۆنەکان دروست دەبێت.
٧. زیادبونی باڵا: لەماوەی بالغبون دا کچ چەند سانتیمەترێک بە یەکجاری زیاد دەکات، هەروەها قەبارەی پێکان و دەستەکانی زیاد دەکات و چەوریش لە چەند ناوچەیەکی لەش کۆ دەبێتەوە.
٨. دەنگ: دەنگی کچ لەم قۆناغەدا نەرمتر دەبێت.

### مەبەست لە زو بالغبون چییە؟

زو بالغبونی منداڵان ئێستا لە دنیادا زۆربوە و زۆر هۆکاریشی هەیە، زۆرترینیان بەهۆی شێوازی خۆراکی نەشیاوەوەیە، وەکو ئەو خواردنانەی کالۆریان بە رێژەیەکی زۆر تێدایە منداڵان زۆر تامەزرۆی دەکەن و هەر زو قەڵەویان دەکات و ئەو قەڵەویەش بەرەو زو بالغبونیان دەبات.
کاتی ئاسایی بالغبون لە کچاندا لە ٩ ساڵی بۆ ١٦ ساڵیەو ئەگەر کچێک لە تەمەنی خوار ٩ ساڵییەوە نیشانەکانی بالغبون تێیدا دەرکەوت، ئەوە پێی دەوترێت حاڵەتی زو بالغ بون.
ئەگەر هاتو کچەکانمان نیشانەکانی پێش بالغ بونی ئاسایی لەسەر جەستەیان دەرنەکەوت و بە بالغبونی ئاسایی خۆیان نەگەیشتن و بیرکردنەوەو هۆش و ژیریان لە منداڵێکی بچوکەوە نە گۆڕا بۆ کەسێکی تر، ئەوە کێشەیە و پێویستە ببرێتە لای پزیشکی پسپۆڕ.

### هۆکاری زو بالغبونی کچان

بالغبونی ئاسایی لە کچاندا سوڕی مانگانە و مەمک و گەشەکردنی باڵایە، پسپۆڕان دەڵێن دوچاربون بە زیادەی کێش و قەڵەوی هۆکارە بۆ زو بالغبون، بۆیە رێکخستنی ژەمە خۆراکی منداڵ زۆر گرنگە و پێویستە خۆراکە چەور و سورکراوە و شیرینەکان کەمتر بدرێت بە منداڵان و بە سەوزە و میوە و خۆراکی سروشتی جێگەی ئەو خۆراکانە بگیرێتەوە. هەروەها ئەو خواردنەوانەی مادەی کافاینی تێدایە پێویست نیە بۆ منداڵ، ئەمە سەرباری ئەوەی حاڵەتی بۆ ماوەیش رۆڵی هەیە لە زو بالغبون دا.

# لەکاتی کڕینی پێڵاو دا ئاگاداری ئەم ڕێنوێنیانە بە



■ نەوژین، سێوە محەمەد

**پێڵاو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تەندروستی جەستە هەیە، بۆیە دەبێت بە هەند وەربگیرێت. زۆر کەس و بەتایبەت خانمان، لەو پێڵاوانەی کە لە پێی دەکەن، ئەوەندە ڕەچاوی جوانی و سەرنجڕاکێشی دەکەن ئەوەندە ڕەچاوی پاراستنی تەندروستی ناکەن، کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە.**

پێویستە پێش ئەوەی بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پێڵاوێک بدەیت، لەم چەند ڕێنمایانە دڵنیا بیت:

١. پاژنە پێڵاو

د. هیلاری برینەر، پزیشکی پسپۆڕی تەندروستی پێیە، دەڵێت: ڕۆژبەڕۆژ پاژنەی پێڵاوەکان بەرزتر دەبێت، ئێمەی پزیشکانی پێ حەز دەکەین بەو جۆرە پێڵاوانە بڵێین «پێکوژ».

پێڵاوی پاژنە بەرز پاڵە پەستۆ دەخاتە سەر ماسولکەکانی پێ، دواتریش کاریگەری دەخاتە سەر ئەژنۆ و چۆک، بۆیە شێوازی ڕۆشتن تێکدەدات، واچاکە کاتێک پێڵاوی پاژنەبەرز لەپێ بو، بەهێواشی و لەسەر خۆ بڕۆیت.

ئەگەر حەزت کرد پێڵاوی پاژنە بەرز لەپێ بکەیت، واچاکە پێڵاوەکە تەسک نەبێت، چونکە بەرزی و تەسکی فشاری زیاتر دەخەنە سەر پێیەکانت و زیانی تەندروستیشی دەبێت و باشترە پاژنەکەی لە (٣) سانتیمەتر زیاتر نەبێ، چونکە دەرکەوتوە تا ئەو ئاستە زیانی ئەوتوی نییە و شێوازی ڕۆشتنی خانمان تێک نادات.

تیژی نوکی پاژنە پێڵاوەکەش ڕۆڵێکی زۆری هەیە، چونکە تاچەند تیژتر بێت، ئەوەندە خراپترە.

هاوکات پێڵاوی زۆر فلاتیش باش نییە، بەڵکو باش ئەوەیە لای پاژنە نزیکەی سانتیمەترێک لەلای پشتەوە بەرزتر بێت.

٢. بنی پێڵاو

بنی پێڵاو کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر پێیەکانمان. بنی پێڵاو دەبێ بایی ئەوەندە ئەستور بێت کە کاریگەری بەرز و نزمی بەهۆی بەرد و شتی ڕەق بگەڕێنێتەوە و پێیەکانمان بپارێزێ لە بریندار بون. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بایی ئەوەندە نەرمیی تێدا بێت، کە لەگەڵ هەنگاوناندا ژێرەکەی بنوشتێتەوە.

٣. پێکهاتەی پێڵاو

واباشە ئەو ماددەیەی کە پێڵاوەکەی لێ دروست کراوە، نەرمییەکی تێدا بێت تا بەپێی پێ شێوە وەربگرێت. پێڵاوی چەرم باشترین بژاردەیە.

٤. قەبارەی پێڵاو

پێڵاوی قەبارە گەورەتر لە ڕەقەمی قاچی خۆت لەپێ مەکە، چونکە جگە لەوەی دیمەنێکی ناشرینی هەیە زیانی زۆریشی بۆ پێستی قاچیش دەبێت، ٩٠٪ کچان پێڵاوی بچوکتر لە پێی خۆیان لە پێ دەکەن، ئەمە دەبێتە هۆی هەوکردنی جومگەکانی پێ.

هەروەک زۆریک لە دایکان بۆ مناڵەکانیان پێڵاوی قەبارە ناتەواو لە قەبارەی پێی خۆیان هەڵدەبژێرن، کەئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێیەکانیان لەگەشکردن بوەستێن.

ڕاستییەکی زانستی تریش کە زۆر کەس لێی بێ ئاگایە، ئەوەیە کە پێکان لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژدا دەئاوسین، بەجۆرێک ڕەنگە ١٠-١٥٪ قەبارەیان زیاد بکات، بۆیە واباشە پێڵاو کڕین بخرێتە کاتی دوا نیوەڕۆوە.

هەڵەیەکی باوی تریش هەیە ئەوەیە کە پێڵاوی قەبارە بچوکتر دەکڕدرێت بە بیانوی ئەوەی لەگەڵ کاتدا دەکشێت، ئەمە کارێکی هەڵەیە، چونکە ڕەنگە تا ئەو کشانە ڕودەدات ، پێکان تەواو زیانیان پێبگات.

٥. نوکی پێڵاو

نوکتیژی پێڵاو دەبێتە هۆی ئەوەی سەری پەنجەکانی پێ بگوشرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی ژان و تلۆقە کردنیان، بۆیە دەبێت پێڵاو بایی ئەوەندە پێشی پان بێت کە پەنجەکان بەئاسانی جێیان بێتەوە تێدا.

٦. قەیتانی پێڵاو

پێڵاوی قەیتاندار باشترە لەهی بێ قەیتان، چونکە دەتوانرێت کۆنترۆڵی پانی پێڵاوی پێ بکرێت، بەڵام نابێت زۆر توند بکرێت.

٧. پێڵاوی وەرزشی

لەکاتی مەشقدا پێڵاو گونجاو نەبێت کاریگەری زۆر زیاتر دەکاتە سەر تەندروستی، بۆیە هەق وایە بە کالە نەبێت، وەرزش نەکرێت.

# شەهێنەکەی ڕۆژهەڵات

■ نەوژین، شاران بەرزنجی

**کەم کەس هەیە ناو و ناوبانگی (شەهێن تاڵەبانی) نەبیستبێت، ئەو لە حەفتاکاندا بە گۆرانیە بەناوبانگەکەی (سەبری گوڵفرۆش) لەگەڵ هونەرمەندی ناسراو (عەباسی کەمەندی)، بو بە پێشەنگی ئەو ژنانەی لەبواری گۆرانی وتن دا هەڵکەوتون.**

بەڵام دەیان ساڵی ویست هەتا خەڵکی بزانێت ئەوەی ئەو گۆرانیەی لەگەڵ کەمەندی دا وتوە، ناوی شەهێنە نەک هوەیدا.

شەهێن تاڵەبانی یاخود «هوەیدا» کە ئەوکات باو نەبوە ئافرەت لە بواری هونەردا بەرچاو بکەوێت یاخود لایان شتێکی عەیبە بوە، هەر بۆیە لە کاتی گۆرانی (سەبری گوڵفرۆش)دا کە لەگەڵ (عەباسی کەمەندی)دا ئەو کات تۆماری کردبو، نازناوی خۆی گۆڕی بۆ (هوەیدا).

ئەم ژنە هونەرمەندە، لە پایزی ساڵی ١٩٥٢ لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبوە، لە ساڵی ١٩٧١ دەبێتە مامۆستای قوتابخانە، لە ساڵی ١٩٧٢ گۆرانی (سەبری گوڵفرۆش) و (دوێنێ خەوم دی) تۆمار کردوە، پاشان بەهۆی باردودۆخی ئەو کاتە لە هونەر دادەبڕێت.

لە ساڵی ١٩٧٥ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، لە ساڵی ١٩٨٩ ئێرانی بەجێهێشتوە، تا ئێستا لە بریتانیا ژیان بەسەر دەکات.

لە ساڵی ١٩٩٦ لە لایەن تەلەفزیۆنی میدیا داوای لێدەکرێت بگەڕێتەوە ناو کاری هونەری، ئەویش هەر زو لای خۆیەوە بڕیار دەدات بگەڕێتەوە ناو هونەری گۆرانی وتن و تاوەکو ئێستا بەردەوامە.

سەبارەت بە گۆرانی سەبری گوڵفرۆشیش کەیەکێکە لەگۆرانیەکانی هەریەک لەخانمە گۆرانیبێژی ناسراوی کورد شەهێن تاڵەبانی و پیاوی حەوت هونەرەکەی کورد عەباسی کەمەندی و ساڵانێک لەمەوپێش بەیەکەوە تۆماریان کردوەو تائێستەش لای جەماوەر باوی هەر ماوە، چیرۆک و چۆنیەتی کارکردن بۆ ئەو گۆرانیەو کۆکردنەوەی هەردوکیان لەو بەرهەمە پێویستی بەباسکردن هەیە بۆ جەماوەر .

چیرۆکی ئەو بەرهەمە کە (شاخەوان شێخانی) لە هاوڕێی نزیکی هونەرمەند عەباسی کەمەندی (ئەسیر مەحوی) وەریگرتوە، بەمشێوەیەیە: کەمەندی ئەو گۆرانیەی لەگۆرانیەکی هونەرمەندی عەرەبی عێراقی (داخل حەسەن) دروستکردوە، کە گوێی لەو گۆرانیە بو هەستیکرد زۆر جوانە و شیعری کوردیش دەگونجێ لەگەڵی، بۆیە ئاڵوگۆڕییەکی تێدا کردو لەژێر ناوی سەبری گوڵفرۆش کاری بۆ کردو ئامادەی کرد.

سەرەتا بڕیار بو ئەو گۆرانیە بدات بەخانمە گۆرانیبێژ شەهێن تاڵەبانی و بەدەنگی ناوبراو تۆماربکرێت و بڵاوبکرێتەوە، بەڵام کاتێک پرۆڤەیان لەسەر دەکرد بۆ فێربون و چۆنیەتی تۆمارکردنی، کە عەباسی کەمەندی شەهێن تاڵەبانی فێر دەکرد بۆ شارەزابون لەشێوازی تۆمارکردن و وتنی، لەو کاتەدا (گریشا میکایلزادە) کەئەوکات بەڕێوەبەری ئۆرکێسترای ڕادیۆی سنە بو، بەکەمەندی وت: «ئەرێ کاکە بۆچی هەردوکتان تۆو شەهێن بەیەکەوە ئەو گۆرانیە تۆمارناکەن؟ پێمخۆشە بەیەکەوە بیخوێنن و تۆماری بکەن».

بۆیە بەیەکەوە تۆمارمان کرد.

شەهێن تاڵەبانی، لەوبارەوە دەڵێت: ئەو کات کە گۆرانی (سەبری گوڵفرۆش) بڵاودەبێتەوە بەناو خەڵکیدا هاوڕێکانم کە گوێیان لەو گۆرانیە دەگرت دەیانپرسی شەهێن ئەوە تۆیت؟ زۆربەیان دەیانوت دەنگی زۆر لە تۆ دەچێت، منیش پێم دەوتن نا ئەوە من نیم!

(شەهێن) پاش گەڕانەوەی بۆ ناو کایەی هونەر لە نەوەدەکانی سەدەی رابردو، تائێستا سێ ئەلبومی گۆرانی بەرهەمهێناوە، ئەوانیش: یادی یاران- ساڵی ٢٠٠٠، بۆ تۆ کوردستان- ساڵی ٢٠٠٣، دوری- ساڵی ٢٠٠٧.



## دەربارەی نەوژین

نەوژین، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن ڕادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.

یەکەم ژمارەی لە ٢٠١٦/١٢/٢٦ دەرچوە.

ڕادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)وە بە پەخشی ڕادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.

ڕۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی ڕادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

ڕۆژنامەنوسانی ئەم ڕۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی ڕاهێنانیان لەلایەن ڕادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری ڕۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەوە

تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی ڕادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

# کچە ڕۆماننوسێکی خانەقین داهێنانێکی پزیشکیی دەکات

■ نەوژین، ئاشتی کەمال

**دەوترێت هەژاری باوکی داهێنانە، بەڵام لە چیرۆکی (ئایە) دا، ئەوەی باوکی داهێنانە هەژاریی نییە، بەڵکو ترسە! ترس وادەکات کچێک لە خانەقینەوە بیر لە دروستکردنی ئامێرێکی پزیشکیی بکاتەوە کە تائێستا هاوشێوەی نییە.**

ئایە جەمال، ٢٢ ساڵ، کچە دانیشتویەکی شاری خانەقینە، دەرچوی بەشی بایۆتەکنەلۆجیی زانکۆی نەهرەینی بەغدایە، توانی لێکۆڵینەوەی بەکالۆریۆسی خۆی بە هەل وەربگرێت و داهێنانێکی پزیشکی کەم وێنە بکات.
داهێنانەکەی بریتییە لە دروستکردنی ئامێرێکی پزیشکی ئەندازەیی کە کاری وەرگرتنی نمونەی خوێنە لە نەخۆش، واتا لە بری ئەوەی بە دەست نمونەکەی لێوەربگیرێت، دەتوانرێت لەرێگەی ئەو ئامێرەوە ئەو کارە بۆ نەخۆش بکرێت.
لە بارەی بیرۆکەی ئەو داهێنانەوە، (ئایە) بە (نەوژین)ی وت: «هەندێکجار ترس پاڵنەرێکی باشە بۆ بیرکردنەوە و داهێنان، ئێمەش لە بەشەکەمان دا هەر لە قۆناغی یەکەمەوە وانەیەکمان هەبو تایبەت بە وەرگرتنی خوێن کە بەهۆی ئەوەی ترسم لە پرۆسەکە هەبو بۆیە خۆم لێی لا دەدا و بە تایبەت لە کاتژمێرە پراکتیکییەکاندا بەشداریم نەدەکرد، ئەم ترسە پاڵی پێوەنام بپرسم بۆچی ئامێرێکی خوێن وەرگرتنمان نییە بۆ ئاسانترکردنی ئەم بوارە؟ لەو کاتەوە ئەم بیرۆکەیەم لا دروست بو».
ئەو بوارەی ئایە داهێنانی تیاکردوە، پزیشکی ئەندازەییە نەک بایۆتەکنەلۆجی کە کۆلێژەکەی خۆیەتی.

> هەندێکجار ترس پاڵنەرێکی باشە بۆ بیرکردنەوە و داهێنان

> ئەم ئامێرەی من دروستم کردوە لە هیچ جێگەیەک بونی نییە

(ئایە) لەمبارەوە وتی: «راستە بەشەکەم زۆر دورە لە پزیشکی ئەندازەییەوە، بەڵام کورد لە هەر شوێنێک بێت دەبێت بە شتێکی جوانەوە ئەو جێگەیە جێبێڵێت، منیش ویستم زانکۆ و بەغدا جێبهێڵم، بەڵام پاش ئەوەی کە بیرۆکەکەمی تێدا جێبەجێ دەکەم».
سەبارەت بە چۆنیەتی دەستپێکردن وجێبەجێکردنی بیرۆکەکەی، (ئایە) وتی: کە گەشتمە کۆتا قۆناغی خوێندن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بیرۆکەکەم بڵاو کردەوە، ئەو کات ٩٠٪ی کۆمێنتەکان روخێنەر بون.
ئەم کۆمێنتانە لە بری ئەوەی ساردی بکەنەوە، سورتریان کردوە کە بەردەوام بێت لەسەر پەرەپێدانی بیرۆکەکەی، بۆیە داوا لە کۆلێژەکەی دەکات کە رێگەی بدەن بیرۆکەکەی بکات بە پرۆژەی لێکۆڵینەوەی دەرچون و ئەوانیش رازیی بون، پاش نزیکەی ٨ مانگ توانی بە سەرکەوتویی لە پرۆژەکەی ببێتەوە.
ئەگەرچی پرۆژەکەی بە سەرکەوتویی تەواو کردوە، بەڵام بۆ ئەوەی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێویستیی بە کارلەسەرکردنی زیاتر هەیە، ئەمەش بە مانای ئەوەی پێویستی بە پشتیوانی زیاترە، بەڵام ئەوەی مایەی تێبینییە نە وەزارەتی تەندروستی و نە دەزگا و کۆمپانیا تایبەتمەندەکانی ئەم بوارە، لە داهێنانەی ئەو کچە نەهاتونەتە پێش.
وتی: «دوای گەڕانێکی زۆر گەشتمە ئەو ئەنجامەی کە هیچ ئامێرێکی لەم شێوەیە لە هیچ جێگەیەک بونی نییە، منیش بۆ ئەوەی ئامێرەکەم عەمەلی تر بکەم پێویستم بە هاوکاریی کۆمپانیایەکە کە ئامێرەکە بکرێت بۆ ئەوەی دەست بە فراوانکردنی بکەین، بەڵام تائێستا ئەو هاوکارییە نەهاتوە».
وادیارە «داهێنانی پزیشکیی»، تاکە بەهرەی ئەو کچە نییە، بەڵکو ئەو دەستی نوسینی هەیە و چەند ساڵێکە لە بواری ئەدەب دا دەنوسێت، دوا بەرهەمی ئەدەبیشی رۆمانێکە بەزمانی عەرەبی بەناوی «دڵە شکاوەکان (قلوب منكسره)»، کە هەر ئەمساڵ چاپ و بڵاویکردوەتەوە.



# کچانی شێوەکاری گەرمیان: نا بۆ براکوژیی












■ نەوژین

**گروپی کیژانی شێوەکاری کفری و گروپی شێوەکارانی کفری، بۆ جەختکردنەوە لە ئاشتی و بەرەنگاربونەوەی هەر ئەگەرێکی شەڕی براکوژیی، پرۆژەیەکی شێوەکاری جێبەجێ دەکەن.**

لە ساڵانی شەڕی براکوژیی و ئەو کاتەی «دێگەڵە» بو بو بە سنوری جیاکەرەوەی نێوان یەک نیشتمان کە کوردستان بو، هونەرمەندی شێوەکاری ناسراو (ئیسماعیل خەیات)، هەستا بە رەنگکردن و کێشانی تابلۆی شێوەکاری لەسەر بەرد و تاوێری سنوری نێوان هەردو زۆنی زەرد و سەوز، وەکو گوزارشتێک لە ئاشتی و بەرەنگاربونەوەی شەڕی براکوژیی.
لە بەرواری ١٣/٩/٢٠١٨، گروپی کیژانی شێوەکاری کفری و گروپی شێوەکارانی کفری، بە پاڵپشتی رێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی، بۆ جەختکردنەوە لە ئاشتی و بەرەنگاربونەوەی براکوژیی، هەمان ئەو بەردانەیان رەنگ کردەوە.